www.pertwk.com

www.pertwk.com

www.pertwk.com

سەرچاوەكانی زانایی و نەزانی

لەوە دەترسم كە ناونیشانی وتارەكەم بۆ هزری رەخنەگرەكان هەژێنەر بێت. بەڕاستی ئەگەر "سەرچاوەكانی زانایی" (ناسین) گرفتێك دروست ناكات و لەمەڕ "سەرچاوەكانی هەڵە"ش هەروایە، ئەوا سەبارەت بە "سەرچاوەكانی نەزانی" مەسەلەكە تەواو بەشێوەیەكی دیكەیە" "نەزانی مەسەلەیەكی (سەلبیە): نەبوونی ناسینە، چۆن دەكرێ بۆ نەبوون، بە سەرچاوەیەك قایل بین[1].. كاتێك

[1] دیكارت و سپینۆزا لەوەش واوەتر چوون و پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە كەنەك تەنیا نەزانی بەڵكو هەڵەش "جۆرێكە لەنەبوون"ی بێبەشییەك"ە لەناسین كەتەنانەت زیان بەبەكارهێنانی دروستی ئازادی دەگەیێنی:

ناوونیشانی هەڵبژێراوی وتارەكەم بەیەكێك لەهاوڕێكانم وت، ئەویش هەر ئەم رەخنەیەی گرت. لەوەڵامی ئەودا بەپەلەو بی بیركردنەوە كارەكەی خۆم بەم شێوەیە پاساودا كەمەبەستێك لەپشت ئەم ناونیشانەوە هەیە، و بۆم روون كردەوە كەئەو مەبەستە، راكێشانی سەرنجی (بیسەران)ە بۆ لای هەنێك لەو رێبازە فەلسەفەییانەی كەهەرگیز قسەو باسێكیان لێوە ناكرێ، بۆ نمونە (جگە لەو رێبازەی كەلەسەر بنەمای تایبەتمەندی ئاشكرابوونی راستی"ە بەتایبەت تێڕوانینی پیلان بۆ نەزانیم[2] شیكردۆتەوە، كە نەزانیی نەك وەك نەبوونێكی سادەی زانایی بەڵكو وەك دروست كراو و سەریەكخراوی هێزە ترسناكەكان سەرچاوەی دەست

(CF. Descartes, Principes 1 re Partie, 33.42, ainsi que les troisieme et quatrieme Meiditations; sprinoza, ethique, deulxie’me partie, Prop.35et scolie, ainsi que Les Principes de Laphilosophie de Descartes, Premiere Partie, Prop. 15et scolie).
Methaphysiqe,- 1046 a 30-35, لەگەڵ ئەمەشدا وەك ئەرستۆ F. Par exemple, (سەرنجی داوەتە" هۆكار" یان هەڵە 1052 aI .(Ethique deuxieme Partie, Prop. 41

[2] conspiracy theory of ignorance.

تێوەردانە ناپاك و پیسەكان دەناسێ، كەدەروونمان پیس و ئالوودە دەكەن و بەشێوەیەكی روون و ئاشكرا ئێمە بۆ وەستانەوە لەبەرامبەر زاناییدا رادێنن.

ناكرێ بڵێم روونكردنەوەكانم گومانەكانی دۆستەكەمی رەواندەوە بەڵام بێدەنگی كرد. ئێوە (ئامادەبووان) باروودۆخێكی جیاوازتان هەیە چونكە بۆ رێزدانان بۆ ئەو رێسایانەی بەسەر ئەم كۆبوونەوەیەدا زاڵە بێدەنگی دەپارێزن. كەواتە دەبێ هیواداربم كەلەئێستادا وەك پێویست دردۆنگیەكانی ئێوەم نەهێشتووە دەتوانم سەرەتای قسەكانم بۆ ئەو ناونیشانەی بەرامبەر، واتە بۆ بنەماكانی زانایی تەرخان كەم، نەك بنەماكانی نەزانی. هەڵبەت هەرخێرا باسی سەرچاوەكانی نەزانی و رێبازی دارێژراو لەسەر بنەمای پیلان گێری لەدژی زانایش، دەكەم.

(1)

ئەو مەسەلەیەی كەدەمەوێ دووبارە لەم ووتارەدا باسی كەم، نەك تەنیا بەو مەبەستەی كەسەرلەنوێ لێیبكۆڵمەوە بەڵكو بەو هیوایەی چارەسەری كەم، رەنگبێ تەنیا لایەنێك

بێت لەمشت و مڕی مێژوویی نێوان قوتابخانەی فەلسەفی بەریتانی و قوتابخانەی كیشوەری(قارەیی) ئەورووپا كەبریتییە لە: دژایەتی نێوان ئەزموونگەری كلاسیكی بیكۆن[1], لاك[2]، باركلی[3] هیوم[4]، ستورات مێل[5] و عەقڵانییەت و هزرگەرایی كلاسیكی دیكارت[6]، سپینۆزا[7], و لایبنیز[8] لەو رووبەڕووبوونەوەیەدا، قوتابخانەی بەریتانی پشتیوانی لەم روانگەیە دەكرد كەبنەمای سەرەكیی هەموو

---

[1] francis Beicon (1561–1626), فەیلەسوف و نووسەری ئینگلیزی.

[2] John Lock (1632–1704)، فەیلەسوفی ئینگلیزی.

[3] George Berkeley (1707–1726)، فەیلەسوفی ئێرلەندی

[4] David Hume (1711–1776)، فەیلەسوف و مێژوونووسی ئینگلیزی.

[5] John stuart Mill (1806–1872)، فەیلەسوف و ئابووریناسی ئینگلیزی.

[6] Rene' Decartes (1596–1650)، فەیلەسوف و ماتماتیكناسی فەرەنسی.

[7] Baruch spinoza (1632–1677)، فەیلەسوفی هۆڵەندی.

[8] Gohtfried withelm Leibniz (1667)، فەیلەسووف و ماتماتیكناسی ئەڵمانی).

www.pertwk.com

ناسینێك، دیتنە (سەیركردنە)، لەكاتێكدا كەقوتابخانەی كیشوەری لەو بڕوایەدا بوو كەروانگەی ئەقڵگەراییانەی ئەندێشە ڕۆشن‌و دیارەكان، ئەم بنەمایە پێكدەهێنین.

زۆرێك لەومەسەلانەی لەم ڕوبەڕوبوونەوەیەدا جێگەی باسن،هەنوكەش كاریگەری خۆیان هەرماوە. نەك تەنیا ئەزموونگەری، كەئێستاش لەبەریتانیا فەلسفەی زاڵەو وڵاتە یەكگرتووەكانیشی گرتۆتەوە، بەڵكو تەنانەت هەموو ئەوروپاش ئیدی زۆرتر ئەم ڕێبازەیان وەك تیۆری راستەقینەی ناسینی زانستیانە وەرگرتوە. بەداخەوە هزرگەریی دیكارتی زۆرجار شكڵی گۆڕیوەو وەك یەكێك لەجۆرە تازەكانی تیۆرە نائەقڵانیەكانی لێهاتوە.

لێرەدا هەوڵ دەدەم دەریخەم كەجیاوازیەكانی نێوان قوتابخانەی ئەزموونگەرایی‌و هزرگەرایی، لەچاو ئەو وێكچوونانەی لەنێوانیاندا دەبیندرێ، بایەخێكی كەمتریان هەیە، و هەروەها دەمەوێ دەریخەم كە هەردووكیان بەهەڵەداچوون. لەڕاستیدا ئەمە هەڵوێستی منە، هەرچەند بۆ خۆم بەشێوەیەكی تایبەت ئەزموونگەراو هزرگەرام. بەبڕوای

من گەرچی بینین‌و هزر (عقل) هەر كامەیان دەبێ ڕۆڵێكی گرنگ ببینن، بەڵام كاركردەكانیان جیاوازە لەو شتەی كەناودارانی كلاسیكی ئەم قوتابخانانە دیارییان كردوە. تێدەكۆشم هەتا بەتایبەتی ئەوە دەرخەم كەناتوانرێ نەهزرو نەبینین هیچ كامیان، بەتەنیا، وەك ئەوەی تائێستا وتراوە، بەسەرچاوەی ناسین بزانرێ.

(2)

ئەم مەسەلەیە لەمەسەلەكانی ناسین یان ئەبستمۆلۆژی واتە ئەو هەرێمەیە كەبەئەبستراكترین، ئاڵۆزترین‌و بێبەرهەمترین فەلسەفەی رووت بەناوبانگە. بۆ وێنە هیوم، كەلەمامۆستایانی ئەم بوارەیە، پێشبینی كردبوو كەبەهۆی تایبەتمەندی ئەبستراكتیەت‌و لەهزر بەدەر بوون‌و بابەتی نەبوونی ئاكامەكانی ئەبستمۆلۆژی، هیچ خوێنەرێك زیاد لە كاتژمێرێك تەحەمولی ئەنجامگیریەكانی ناكات و بایەخیشییان پێنادات.

www.pertwk.com

کانت[1] بەجۆرێکی دیکە دەڕوانێتە مەسەلەکە. کانت لەو بڕوایەدابوو کەپرسیاری "دەتوانم چی بزانم؟" یەکێکە لەو سێ پرسیارە سەرەکییەی کەمرۆڤ توانیویەتی بیپرسێ. راسڵ[2] لەگەڵ ئەوەدا کەلەڕوی گیانی فەلسەفییەوە زۆرتر لەهیوومەوە نزیکە بەڵام لەم بوارەدا لایەنگیری لەکانت کردوە. بەبڕوای من راسڵ راست دەکا، کەپێی وایە ئەپستمۆلۆژیا لەزانستەکانو ئاکارو تەنانەت لەسیاسەتدا، ئاکامگەلێکی پراکتیکی پڕ کاریگەری هەیە. راسڵ دەڵێ رێژەیی بوونی ئەبتسمۆلۆژی، یان ئەم روانگەیەی کەهیچ راستییەکی بابەتی بوونی نیە، رێك وەك کردار گەرایی (پراگماتیزم)ی ئەبستمۆلۆژیانە، واتە ئەم روانگەیەی کەڕاستی واتە بەسوودبوون، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ

---

[1] iommanuel kant (1724–1804)، فەیلەسوفی ئەڵمانی.

[2] Russell Bertrand (1872–1970)، فەیلەسوف و ژیربێژ زانی ئینگلیزی.

دەسەڵاتخوازیی و چەمکەکانی پاوانخوازانە (توتالیتر)دا هەیە[3].

بێگومان بوچونەکانی راسڵ رووبەڕووی دژایەتی بۆتەوە. بەم دواییانە تاقمێك فەیلەسوف خەریکی لێکۆڵینەوەن لەمەسەلەی ناکارامەیی سەرجەمی فەلسەفە رەسەنەکان، هەربۆیە دەکرێ بڵێین، هەر ئەم حوکمەیان بۆ تیۆری ناسینیش دەرکردووە. لەروانگەی ئەواندا فەلسەفە، بەهۆی هەمان نێوەرۆکییەوە، ناتوانێ ئاکامگەلێکی گرنگی هەبێ، هەربۆیەش ناشێ کاریگەری لەسەر زانستەکانو سیاسەت دانێ. بەڵام من لەو بڕوایەدام بیرۆکەکان مەترسیان هەیە، دەسەڵاتیان (توانایان) هەیەو جاری واش ڕووی داوە کەفەیلەسووفەکان، پێکهێنەری ئەمە بون. گەرچی گومان لەوەدا نیە کەراستیەکان هیچ ئیعتبارێکیان بۆ تیۆری نوێی ناکارامەبوونی بنچینەیی فەلسەفە نەهێشتۆتەوە.

لەڕاستیدا مەسەلەکە زۆر سادەیە. بیروڕا ئازادی خوازەکان ـ بڕوا بەشیاوی کۆمەڵگایەك لەسەر بنەمای ماف، دادپەروەری یەکسان بۆ هەموان، مافە بنچینەییەکانو،

---

[3] cf B. Russell, Let the people Think, londres, watts, 1941, p. 77 sq.

بیری کۆمەڵگای ئازاد ـ دەتوانن بەبێ گرفت درێژەیان هەبێ ئەگەر ئەوە قبوولّ بکەین دادوەرەکان بێبەری نین لەهەڵەو ئەم مەترسیە لەئارادایە کەسەبارەت بە راستیەکان بەهەڵەدا بچن‌و قایلبین بەوەی کەلەلێکۆڵینەوەی دادوەریدا هەرگیز بەکردەوەو بەشێوەیەکی تەواو دادپەروەری رەها بەرێوەناچێ. بەڵام ئەو ئەبستمۆلۆژیایەی ئێمە پێی قایلین ئەوەمان فێردەکات کە ڕاستی بابەتی نەك تەنیا لەبوارێکی تایبەتدا،بەڵکو لە هەموو مەسەلەکاندا بوونی نیە و لەوباوەڕەدایە کە دادوەر ناتوانێ دەربارەی ڕاستیەکان تووشی هەڵە بێت چونکە لەم بوارەدا هەروەك چۆن ناتوانی هەقی بێت، ناتوانێ هەڵەش بکات، لەم حاڵەتەدا ئیتر وەفادار بوونمان بەو بڕوایەی کە دەکرێ سیستمێك لەسەر بنەمای ماف‌و دادپەروەری‌و ئازادی بێتە ئاراوە مەیسەر نابێت.

(3)

ئەو بزوتنەوە ڕزگاریخوازە گرنگەی کەلەگەلّ رێنسانس دا دەستی پێکردو بەتێپەڕین بەقۆناغەکانی چاکسازی (ڕیفۆرم)ی دینی، شەڕە ئاینیەکان‌و بەرخودانە

شۆڕشگێڕییەکان، بووە هۆی دروست بوونی کۆمەڵگا ئازادەکان، کەنەتەوە ئینگلیزی زمانەکان لەو ئیمتیازە بەهرەمەندن، بەتەواوی سەرچاوەیگرتووە لەگەشبینیەکی ئەبستمۆلۆژیانەی بێوێنە کەتێڕوانینێکی لەرادەبەدەر گەشبینانەیە بۆ لێهاتوویی مرۆڤ لەدیاریکردنی حەقیقەت و وەدەستهێنانی زاناییدا.

بنەمای ئەم تێڕوانینە گەشبینانە نوێیە لەمەڕ شیاوی زانایی، تیۆری تایبەتمەندی ئاشکرابوونی حەقیقەتە. دەشێ راستی شاراوە بێت بەڵام دەکرێ ئاشکرا بکرێ[1] ئەگەر خۆی دەرنەکەوێ ئێمە دەتوانین ئاشکرایکەین بێگومان

---

[1] بگەڕێنەوە بۆ ئەو گوتە هێنراوانەی کەلەسەرەتای کتێبەکەدا هاتوون:
spinoza, court traite, chap. xv (ou encors, Ethique, :deuxieme. Partie, scolie. de la prop. 43

"وەك چۆن ڕووناکی دەردەکەوێت ئاواش تاریکایی، وەك چۆن راستی رێچکەی تایبەت بەخۆی هەیە، خراپەیش هەیەتی"“

De la Reforme de. L’entendement, 35,36; lettre ixxvi, 5ealinea in fine); Lock, De la conduite. De L’entendement, 3 (cf. Egalement Romains, I, 19).

www.pertwk.com

پەردەهەڵماڵین لەسەر راستی کارێکی وا ئاسان نیە، بەڵام ئەوکاتەی کەڕاستی بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا دەرکەوت، ئێمە دەتوانین بیبینین و لەناڕاستی جیایکەینەوەو، بزانین لەڕاستیدا، (حەقیقەتە).

لەژێر ئالأی ئەم ئەبستمۆلۆژیا گەشبینانەیەدا،کە نوێنەرە سەرەکییەکانی بیکۆن و دیکارت بوون، زانست و تیکنۆلۆژیای تازە لەدایك بوو ئەم دوانە فێریان کردین کەهەرگیز بۆ سەرچاوەیەکی دەسەڵات (باڵادەست) لەبواری (حەقیقەت) دا جێگایەك نەبووە، چونکە سەرچاوەکانی ناسین (زانین) لەتاك تاکی ئێمە دایە: جا چ لەتوانای تێگەیشتنی ئێمەدا بێت کەبینینی ورد (دەقیق) ی سروشت مسۆگەر دەکات، چ لەبینین و ئاشکراکردنی زەین(زهن)ی ئێمەدا بێت کەبۆ جیاکردنەوەی راستی لەناراستی بەکاردێ، هەر بیرێکیش کەمێشك، زانیاریەکی روون و ئاشکرای لەسەری نەبێ، وەری‌ناگرێ.

مرۆڤ توانای ناسینی هەیە: کەواتە دەتوانێ ئازادبێ، ئەم فۆرمۆڵە دەربڕی ئەو پەیوەندییەیە کەگەشبینی ئەبستمۆلۆژیاو چەمکە ئازادیخوازاییەکان پێکەوە گرێ دەدا.

پێچەوانەی ئەم پەیوەندیەش هەیە. بێ متمانەیی بەتوانای هزر، بێ‌متمانەیی بەلێوەشاوەیی مرۆڤ لەجیاکردنەوەی حەقیقەت، تاڕادەیەك بەردەوام لەگەڵ بێ‌متمانەیی بەمرۆڤ ئاوێتەیە. بەم جۆرە بەدرێژایی مێژو گەشبینی ئەبستمۆلۆژیانە، هەمیشە لەتەك ئەو تیۆرەیەدا شەریك بووە کەسەرلێشێواوی مرۆڤ رادەگەیەنی و خوازیاری پێکهێنانی چەندین نەریتی بەهێزو پشتیوانیکردنی هێزێکی بەتوانایە کەبتوانێ مرۆڤ لەنەزانی و بێ‌ڕەوشتی رزگار بکات. (پاژی لێکۆڵیاری مەزن لەرۆمانی برایانی کارامازۆف لەنوسینی داستایوڤسکی بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم تیۆرە دەسەڵاتخوازییە وێنا دەکاو ئەو بەرپرسیاریەی کەلەئەستۆی سەرچاوەکانی دەسەڵاتە، پیشان دەدات).

بێگومان لەبناغەوە لەنێوان رەشبینی و گەشبینی ئەبستمۆلۆژیانەدا هەمان ئەو جیاوازیە هەیە کە لەبواری تیۆری ناسیندا نەریتخوازی و هزرگەرایی لەیەکتر جیادەکاتەوە. (من، ئەم زاراوەیەی دوایی ـ واتە هزرگەرایی ـ بەواتایەکی بەربڵاوتر بەکاری دەهێنم، کەخاڵی بەرامبەری ناهزرگەراییەو، هەردوو هزرگەرایی دیکارتی و

www.pertwk.com

ئەزمونگەرایی، لەخۆدەگرێ) لەڕاستیدا دەکرێ نەریتخوازی بەو ئەندێشەیە بزانین کەلەنەبوونی راستیەکی بابەتی کە لەناراستی جیابکرێتەوە،و دەبێ لەنێوان ئەم دوو حاڵەتە واتە قبوولْ کردنی باڵادەستی نەریت یان تەحەمولی ئاڵۆزیو پشێوی یەکێکیان هەڵبژێرین، لەکاتێکدا بەدڵنیایەوە هەمیشە هزرگەرایی خوازیاری ئەوەبووە زانستی ئەزمونیو هزر مافی رەخنەگرتنو قبوولْ نەکردنی نەریتەکانو سەرچاوەکانی دەسەڵاتداریان هەبێ چونکە ئەوانە (نەریتەکانو سەرچاوەکانی دەسەڵاتداری) لەنەزانیەکی سادەو رووت، پێش داوەریەکان یان رێکەوتو رووداوەکان، سەرچاوە دەگرن.

(4)

داخۆ بوارێکی تا ئەو رادەیە ئەبستراکتی، وەك ئەبستمۆلۆژیەکی بێخەوش کە هێندە بێخەوش نەبێت وەك بیری لێدەکرێتەوە (و ئەرەستۆ بەم جۆرە بیری دەکردەوە) و بەپێچەوانەوە، ئەنگیزە و سەرچاوەی نەستیی ئەو

ئەندێشانەی کە رایدەگەیەنێت،تارادەیەکی زۆر ئاواتە سیاسی و مەیلە دلخوازەکان بێت،کێشە دروستدەکات و،دەبێ ئاگادارکردنەوەیەك بێت بۆ ئەبستمۆلۆژیمان. ئەو لەم پەیوەندییەدا دەتوانێ چی بکات؟ من خۆم وەك ئەبستمۆلۆژیست تەنیا خولیایەکم هەیە ئەویش: دۆزینەوەی راستیٖیە لەو مەسەلانەدا کەئەبستمۆلۆژیا دەیانهێنێتە گۆڕێو هاتنەوەو یان نەهاتنەوەی ئەو راستیە لەگەڵ بیرە سیاسیەکانی مندا. بەڵام ئایا ئەو مەترسیە لەئارادا نیە کەچاوەڕوانیەکانو روانگە سیاسیەکان، بێ ئەوەی ئاگام لێبێت کارم تێبکەن؟

ئاشکرایە من، تەنیا ئەزموونگەراو ئەقڵگەرایەکی تایبەت نیم بەڵکو لەهەمان کاتدا لیبرالْ (بەواتا ئینگلیزیەکەی)یشم. بەڵام رێك لەبەرئەوەی لیبراڵم وا بیردەکەمەوە کەکەمتر شتێك بۆ لیبراڵێك لەوە گرنگترە کەروانگە جۆراوجۆرەکانی سەرچاوە گرتوو لەبیری لیبراڵی بخاتە ژێر تاقیکردنەوەیەکی رەخنەگرانەی قوولْ.

من بەئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەکی لەم چەشنە، ڕۆڵی بڕێك لەتیۆرە ئەبستمۆلۆژیەکان لەپەرەسەندنی ئەندێشەی لیبراڵو، بەتایبەت شێوازە جۆراوجۆرەکانی دەرکەوتنی گەشبینی ئەبستمۆلۆژیانەم ئاشکرا کرد. پێویست بوو وەك ئەبستمۆلۆژیستیٚ ئەوە قبولٚ بکەم کە ئەو تیۆرانە بەپەسەند نەزانمو ڕەتبانبکەمەوە. ئەم ئەزمونە دەتوانیٚ دەریبخات کەخولیاکانو چاوەڕوانیەکانی ئێمە وەك پێویست ئاشکراکەری ئەو ئاکامانە نین کەدروستیان دەکەین، باشترین شێواز بۆ گەڕان بەدوای ڕاستیدا ڕەنگە ئەوە بێت کەبەر لەهەموو شتێك ئازیزترین بیروڕاکانی خۆمان بدەینە بەر ڕەخنە. پێدەچیٚ کەسانێك ئەم گەڵاڵەیە بەشتێکی فێڵاوی بزانن. بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کەخوازیاری دۆزینەوی ڕاستینو باکیان لێی نیە، بەو شێوە نابێت.

(5)

تاقیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەبستمۆلۆژیای گەشبینانەی بڕێك لەبیرو هزرە لیبراڵیەکان کۆمەڵێك تیۆری بۆ ئاشکرا کردم کە ئەگەرچی زۆرتر بەشێوەی پاڵەکی وەرگیراوە بەڵام، ئەوەندەی من بزانم هیچکات ڕاشکاوانە نەدراوەتە بەر باسو لێکۆڵینەوەو، تەنانەت فەیلەسووفەکان یان مێژووناسانیش سەرنجیان نەداوەتیٚ. سەرەکیترینی ئەم تیۆرانە، هەمان تیۆری تایبەتمەندی ڕۆشنی حەقیقەتە کەپیشتر باسمان لێوەکردو، سەیرترینیان، کەلەپەرەسەندنی سەرسووڕهێنەرانەی یەکەمیان سەرچاوەی گرتووە تیۆری پیلان بۆ نەزانیە.

مەبەستم لەتایبەتمەندی ڕۆشنی حەقیقەت، وەك دەزانن، ئەم تێگەیشتنە گەشبینانەیە کەهەرکات ڕاستی بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا، دەرکەویٚ دەتوانریٚ وەك حەقیقەت، بناسریٚ. بەم پێیە ئەگەر ڕاستی لەخۆیەوە ئاشکرا نەبیٚ ئەوەندە بەسە کە ئێمە ئاشکرای بکەین، لەوە بەدوا بوار بۆ هیچ قسەو باسێك نامێنێتەوە. چاو بۆ بینینی

راستی (رۆشنایی سروشتی) هزریش بۆ توێژینەوەی راستی بەئێمە دراوە.

ئەم تیۆرە بنەمای وانەکانی دیکارتو بیکۆنە، گەشبینی ئەبستمۆلۆژیانەی دیکارت لەسەر بنەمای تیۆری حەقیقەتی خوایی[1]، کەبنەمای سەرەکییەتی، دامەزراوە: ئەوەی کەئێمە بەڕوونیو ئاشکراییەکی راستیەوە تێیدەگەین بێگومان دەبێ حەقیقەتی هەبێ چونکە ئەگەر بەپێچەوانەی ئەمەوە بێت ئەوا خوا ئێمەی فریوداوە. بەم پێیە ئەوە حەقیقەتی خواییەکە دەبێتە هۆی ئاشکرابوونی راستی.

بیکۆنیش تیۆرێکی لەوشێوەیەی هەیە" کە ئەویش تیۆری حەقیقەتی سروشتیە[2]. سروشت، کتێبێکی کراوەیە هەر کەسێك بەبیرێکی پاکەوە بیخوێنێتەوە توشی هەڵە نابێتو تەنیا ئەوکاتە هەڵە دەکات کەمێشکی ئاخنرابێت بەحوکمە پێشوەخت دراوەکانەوە.

1 veracitas dei
2 veracitas

ئەو مەسەلەیەی دوایی دەریدەخا کەتایبەتمەندی رۆشنی حەقیقەت لەپێویستی سەرنجدان لە هەڵەدا خۆی دەبینێتەوە. ناسین، واتە هەبوونی حەقیقەت پێویستی بەڕوونکردنەوە نیە. بەڵام ئەی چۆنە لەگەڵ ئاشکرابوونی راستیشدا مرۆڤ تووشی هەڵە دەبێت؟ دەبێ بەدوای هۆکاری ئەم مەسەلەیە لەتاوانی خۆ بەدورگرتنمان لەبینینی راستی روونەدا بگەڕێین، یان لەحوکمدانە پێشوەختەکاندا کە فێرکاریەکانو نەریتەکان، لەمێشکی ئێمەدا چاندوویانە. رەنگە نەزانی کاری ئەو هێزانە بێت کە پیلانیان داڕشتوە بۆ راگرتنی ئێمە لەنەزانیدا و، بۆگەن کردنی مێشکمان بەهۆی چەپاندنی ناڕاستی لەناویداو، هەروەها بۆ کوێرکردنی ئێمە لەئاست حەقیقەتی رووندا. کەواتە ئەم حوکمدانە پێشوەختانەو هێزە نەیارەکانی ئێمە سەرچاوەکانی نەزانین.

خوێندنەوەی مارکسیانەی تیۆری پیلان بۆ نەزانی زۆر ناسراوە: ئەویش پیلانەکانی بڵاوکراوە سەرمایەداریەکانن کەحەقیقەت ئاوەژوو دەکەنەوەو هەڵاوێردی دەکەن هەتا ئایدۆلۆژیای ناڕاست لەمێشکی کرێکاراندا جێبخەن.

www.pertwk.com

بێگومـــان بـــەگوێرەی ئـــەم تیـــۆرە لـــەنێو ئایـــدۆلۆژیا ناڕاستەکاندا، ڕێبازە ئاینییەکان شوێنێکی بەرچاویان هەیە. سـەیر ئەوەیـە کەتێدەگـەین ئـەم تیـۆرە چـەند بـێ بناغەیـە. سیمای قەشەی فێڵبازو گومڕا، کەخەڵك لەنەزانیدا رادەگرێ نموونەیـەکی بەرچـاوی سـەدەی هەژدەیـە، ئەگـەر هەڵـەش نەکـەم، یـەکێك لەناونیشانەکانی بیری لیبراڵـی بـوو. بنـەمای ئەم سیمایە، شێوە بیرکردنـەوەی ئایینی پرۆتستانی لەسـەر فێڵەبازییـــەکانی کڵێســـای کاســـۆلیکی و، هـــەروەها لەئەندێشـــەکانی ئـــەو مولحیدانـــەدا بـــوو کەروانگەیـــەکی لەوشێوەیان لەمەڕ کڵێسای ئینگلیزی (ئینگلیکن)[3] هەبوو[4].

3 ئینگلیکن (ئینگلیکانیزم) کڵێسای یاسایی ئینگلیزە کەدوا بەدوای پچڕانی پەیوەنـدی نێـوان هـەنریی هەشـتەم لەگـەڵ کڵێسـای رۆمـادا (1534) دامـەزراو پاشـای ئـەو وڵاتـە وەك پێشـەواکەی ناسـرا. ئـەم ڕێبـازە نـەریت‌و دەسـتووری تایبەت بەخۆی هەیە.. وەرگێڕی فارسی.

4 من لەشوێنێکی دیکەدا وتوومە کـەدەکرێ رەچەڵەکناسیی ئەم سیمایە هـەتا لای کرینیاس، مامی ئەفلاتۆن بەرزبکرێتەوە.
CF. The open society and its Enemies, Londres Routledge, 1945 (1966), chepitre 8, section II.

بڕوایـــەکی ئـــاوا ســـەیر بـــەبوونی فێـــڵ‌و تەڵەکەیـــەك، تاڕادەیـــەك دەرئـــەنجامی ناچـــاری بیرکردنەوەیـــەکی گەشبینانەیە لەسەر بنەمای ئەم لافلێدانە کەئەگەر بوارێکی لـــەبار بـــۆ حەقیقـــەت بڕەخســـێ حـــەق‌و، بـــەپێڕەوی لـەو(حەقیقـەت)، چـاکە؛ سـەردەکەوێ. " باحـەق‌و ناحـەق (راسـت‌و ناڕاسـت) رووبـەڕوو ببنـەوە؛ ئایـا قـەت بینـراوە کەحەقیقەت لەڕووبەڕووبوونەوەیەکی تـەواو دادپەروەرانـەدا، ژێر بکەوێ؟"[5] بەگوێرەی ئەمە هەرکات حەقیقەتی میلتۆنی[6] شکستی خوارد بەناچار دەبێ بڵێین مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو حەقیقەتـەدا نـاڕەواو بـێ بەزییانـە بـووە: کەواتـە ئەگـەر حەقیقـەت کـەروون‌و ئاشـکرایە بـراوە نـەبێ، رۆشـنە کـەهێزە

5. j. Milton, pour La liberte de la presse sans autorisation ni censure. Areopagitica, paris, Aubier. Flammarion, 1969.p.271 (traduction modifiee).
ئەمە ئەو پەندە فەرەنسیەمان بیرد ەهێنێتەوە کەدەڵێ: "حەقیقەت هەمیشە سەردەکەوێ".

6 دراوەتـە پـاڵ جـۆن میلتـۆن (John milton) (1608–1674)، شـاعیری ئینگلیزی کە شیعری فەیلەسووفانەو رۆمانی دەهۆنیەوە.(وەرگێڕی فارسی).

www.pertwk.com

چەپەڵەكان پاشەكشەیان پێكردوە. بەم پێیە ئاشكرایە كاتێك كەنەرمو نیانی لەباوەڕێكی گەشبینانە بەسەركەوتنی حەقیقەتەوە سەرچاوەی گرتبێ بنەمایەكی پتەوی نیە. و دەتوانێ ببێتە تیۆری پیلان، كەئەستەمە لەگەڵ نەرمو نیانیدا بێتەوە.

من لافی ئەوە لێنادەم كەتیۆری پیلانرێژی قەت هەڵگری كەمەكێك لەراستی نەبووە، بەڵام لەو بڕوایەدام كەبەشی زۆری ئەو تیۆرە ئەفسانەیەو، تیۆری تایبەتمەندی رۆشنی حەقیقەتیش كەسەرچاوەی تیۆری پیلان ڕێژییە وەها رەوشێكی هەیە.

لەڕاستیدا حەقیقەت وا بەئاسانی بەدەست نایەت، تەنانەت دوای ئەوەی كە بەدەستیش هات دەتوانێ بەئاسانی لەكیس بچێ. هەندێك جار، جا فرتو فێڵ لەئارادا بێت، یان نەبێت، بیروبڕوا ناڕاستەكان، دەتوانن بەبێ سەرنجدان لەتەواوی ئاكامە ئەزموونیەكان، بەشێوەیەكی سەرسووڕهێنەرانە، چەندین سەدە بەردەوام بن. مێژووی زانستەكان، بەتایبەت زانستی پزیشكی پڕە لەنموونەی

بەرچاوی لەوجۆرەو، بەشێوەیەكی گشتی تیۆری پیلان خۆی دەرخەری ئەوە. مەبەستم ئەندێشەیەكی هەڵەیە كەبەپێی ئەو تەواوی رووداوە خراپەكان، لەئیرادەی نەگبەتی هێزێكی چەپەڵەوە سەرچاوەی گرتووە. جۆرە جیاوازەكانی ئەم شێوە بیركردنەوەیە توانیویەتی تا ئیمرۆش درێژە بەمانەوەی خۆی بدات.

بەمجۆرە ئەبستمۆلۆژیای گەشبینانەی بیكۆنو دیكارت ناتوانێت راست بێت. بەڵام ئەوەی كەلەمێژوی ئەم ئەندێشەیەدا سەرسوڕهێنەرە ئەوەیە كەبێگومان ئەم ئەبستمۆلۆژیا ناراستە، سەرچاوەی سەرەكی شۆڕشێكی هزری و ئاكاری بێوێنە بوو. ئەم شێوە بیركردنەوەیە مرۆڤەكانی هاندا خۆیان بیربكەنەوە، بەوە هیواداری كردن كەدەتوانن بەیارمەتی زانایی، خۆیان و خەڵكی تر لەدیلیەتی و هەژاری رزگار بكەن، هەر ئەم ئەندێشەیە بوو كەبناغەی زانستە نوێیەكانی دامەزراند، بووە هاندەری خەبات لەدژی پشكنین (سانسۆر) و سەركوتكردنی ئازادیی بیروباوەڕ، بنەمای خود هۆشیاری جیاواز لەگەڵ كۆمەڵو

www.pertwk.com

تاك گەرایی بوو، هەروەها نێوەڕۆكێكی تازەی بەپلەو پایەی (كەسایەتی) مرۆڤ بەخشی. لەم ئەندێشەیەوە ویستی رۆشنگەرییە جیهانییەكانو مەیلی نوی بەرەو كۆمەڵگای ئازاد، هاتە ئاراوەو لەدایك بوو. ئەم ئەندێشەیە بووە هۆی ئەوەی كەمرۆڤەكان لەئاست خۆیانو كەسانیتردا هەست بەبەرپرسیاریەتی بكەن، نەك هەر ویستو ئیرادەی چاككردنی چارەنووسی خۆیان بەڵكو ویستی باشكردنی چارەنووسی رەگەزی مرۆڤیشی تیا پێكهێنان، و ئەمە جۆرێكە لەو ئەندێشانەی كەخۆی لەكەموكوڕیی بێبەری نیە بەڵام چەندین ئەندێشەی رەوا لەوانەوە هاتۆتە ئاراوە.

(6)

بەڵام ئەم ئەبستمۆلۆژیا ناڕاستە چەندین ئاكامی ترسناكیشی هەبووە. ئەو روانگەیەی كەتایبەتمەندی رۆشنی حەقیقەت قبولڵ دەكات ـ بۆ هەموو كەسێكی بەڕوون دەزانێ، بەو مەرجەی كەسەكە خۆی بیەوێ ـ تارادەیەك بناغەیەكە بۆ تەواوی جۆرەكانی دەمارگیری، چونكە بەو

پێیە تەنیا خراپەزۆرچەپەڵەكان دەتوانن هاندەری ئەوەبن كەمرۆڤ نەیەوێ حەقیقەتی رۆشن ببینێ، تەنیا ئەو كەسانەی لەحەقیقەت دەترسن پیلان دەگێڕن تا حەقیقەت دەرنەكەوێ.

ئەم تیۆرە، جیا لەدروستكردنی مرۆڤە دەمارگیرەكان كارێكی دیكە ئەنجام نادات ــ ئەو مرۆڤانەی كە لەو بڕوایەدان هەركەسێك ئەو حەقیقەتە روونە نەبینێ بەدڵنیایەوە یەخسیری شەیتانە ــ و هەروەها دەتوانێ بەدەسەڵاتخوازی كۆتایی بێت، هەرچەندە بەشێوەگەلێك ئەم رۆڵە دەگێڕێ كەوەك شێوازەكانی ئەبستمۆلۆژیای رەشبینانە، راستەوخۆ نیە، بۆیە كار بەو جێیە دەگات، كەلەڕاستیدا حەقیقەت روون نیەو، حەقیقەتێك كەلافی ئەوە لێدەدرێ رۆشنە، پێویستی بەوەیە كەبەردەوام بەیارمە تی جۆرە لێكدانەوەیەك، بەرهەم بێتو جەختی لێبكریو ئەم كاری بەرهەم هاتووەو جەخت لێكردنەش بەردەوام دووپات ببێتەوە. سەرچاوەیەكی دەسەڵاتیش پێویستە هەتا ئەو شتەی كەدەبێ وەك حەقیقەت بناسرێ بەشێوەیەكی

ڕێکوپێك دەرخواردی بداو سەقامگیری بکات. بەڵام ڕەنگە ئەم سەرچاوەیە بگاتە ئەوجێیەی کەئەو ئەرکە سەرەڕۆیانەو ملهوڕانە بەڕێوەبەرێ. لێرەدایە کەزۆرێك لەئەبستمۆلۆژیستەکان تووشی نائومێدی دەبن، دەست لە گەشبینیەکانی پێشوویان هەڵدەگرن و تیۆری دەسەلاّتخوازانەی لەڕادەبەدەر دائەتاشن کەلەئەبستمۆلۆژیای ڕەشبینانەوە ئیلهام وەردەگرێ. بەبڕوای من، ئەفلاتون لەدیارترینی ئەو کەسانەیە و بەرجەستەکەری گۆڕینێکی غەمگینانەی ئاواهییە.

(7)

قوتابخانەی ئەفلاتون، لەسەردەمی بەر لەتیۆری حەقیقەتی خودایی دیکارت، کەبەپێی ئەو تیۆرە بینینی ئەقلاّنی، مرۆڤ فریو نادات، چونکە خوا حەقیقەتەو ناتوانێ هەڵمانخەڵەتێنێ،و ڕۆڵێکی یەك لاکەرەوی گێڕاوە. بەدەربڕینێکیتر تێگەیشتنی مرۆڤ سەرچاوەی (زانین)ە، چونکە خوا سەرچاوەی (زانین)ە. ئەم تیۆرە مێژوویەکی دێرینی هەیەو بەئاسانی مێژووەکەی بۆ هۆمێر[1] و هێسیود[2] دەگەڕێتەوە.

لامان ئاسایی بوو، گەر سەرچاوەکانی ئەم تیۆرەمان لای زانستخوازان و مێژووناسان بدۆزیایەتەوە، بێگومان بڕێك تووشی سەرسوڕمان ئەبین کەدەبینین شاعیران، دامەزرێنەرانی ئەو تیۆرەن، شاعیرە یۆنانیەکان سەرچاوەکانی زانایی خۆیان دەگواستەوە. ئەم سەرچاوانە، سروشتێکی خواییان هەیەو هەمان مۆسەکانن[3]. گیلبێرت مۆرای[4] دەڵێ: "شاعیرە حەماسیەکانی یۆنان نەك تەنیا ئەو شتەی ئێمە پێی دەڵێین ئیلهام بەڵکوو تەنانەت زانیاریەکانی خۆیان لەسەر ڕووداوەکانیش لەمۆسەکان وەردەگرن. مۆسەکان هەن و لەهەموو شتێك ئاگادارن“ (..) هسیود (..)

[1] Homere(سەدەی نۆی پێش زایین؟)، شاعیری داستانیی یۆنان..
[2] He’siode (سەدەی هەشتی پێش زایین)، شاعیرێکی یۆنانی.
[3] Muses، نۆ ژنە خواوەندەکەی هونەرو ئەدەبیاتی یۆنان.
[4] Gilbert Murray (1866–1957) شاعیرێکی بەریتانی.

بەردەوام دەڵێ زانایی خۆی بەقەرزارباری مۆسەکان دەزانێ، هەڵبەت پێی وایە سەرچاوەی دیکەش بۆ زانایی هەیە (..) بەلاّم زۆرتر لەگەڵ مۆسەکاندا راوێژ دەکات (..) و هۆمێریش، کاتێك بۆ نمونە قسە لەرێکخستنی سوپای گەلە سەرەتاییەکانییۆنانیەکان دەکات هەر ئەم کارە دەکات"[5].

هەروەك لەم دەقەدا دەردەکەوێ، شاعیرەکان بەپێی خوو و نەریت نەك تەنیا شانازی بەخواکانی سەرچاوەی ئیلهامی خۆیانەوە دەکەن، بەڵکوو تەنانەت شانازی بەخواکانی سەرچاوەی زانایییەکانی خۆشیانەوە دەکەن، ئەو خواوەندانەی کەمسۆگەرکەری راست دەرچوونی چیرۆکانیان بوون.

لای هیراکلیت[6] و پارامینیدسی[7] فەیلەسووفیش ئەم سەرچاوانە دەبینینەوە. بەرواڵەت هێراکلیت خۆی وەك

[5]. G. Murray, The Rise of the Greek Epic, oxford, clarendon Press, 1924. P .96

[6] Heraclite(550 تا 480 پێش لە دایك بوون), فەیلەسوفی یۆنانی وەرگێری فارسی

[7] Parmenide(515–440 پ. ز) فەیلەسوفی یۆنانی– ەرگێڕیی فارسی

پێغەمبەرێك دەناسێنێ کە "لەزمانی ون بوو و دەستەمۆ کراوی خواوەندەوە قسە دەکات"، خواوەندێك کەهەمان زیۆسی[8]، سەرچاوەی تەواوی زانایییەکانە.[9] بەلاّم دەکرێ پارمێندیس بەئەڵقەی پەیوەندی ئەو زنجیرەیە بزانین کەهومێرو هێسیود بەدیکارتەوە دەبەستێتەوە. ئەستێرەی رێپیشاندەرو ئیلهام بەخشی پارامیندس[10] ئەو ژنە خواوەندەیە کەهیراکلیت بە پاسەوانی حەقیقەتی دەزانێ، پارامینیدس ئەو ژنە خواوەندە، بە پاسەوان و دەرگەوانی حەقیقەت و سەرچاوەی تەواوی زانایییەکانی دەزانێ. بەلاّم لەنێوان پارامیندیس و دیکارتدا جیا لەتیۆری سادەی حەقیقەتی خوایی لایەنی هاوبەشی زۆرتر هەیە. لەراستیدا خواوەندی پارێزەری حەقیقەت بەپارامیندیس دەڵێ بۆ

[8] . Zeus.

[9] . H. Dicls et W. kranz. Die Fragmente der vorsokratiker, Berlin, Weidmann. 1951-1952, DKB 92,32; cf. 93, 41, 46, 50.

[10] . Dike

www.pertwk.com

جیاکردنەوەی هەق لەناهەق دەبێ تەنیا متمانە بەلۆگۆس[11] (ژیربێژیی، منتق) بکات، نەك بەهەستی بینین یان بیستن یان چێشتنی خۆی[12]. تەنانەت بنەمای تیۆری فیزیایی (سروشتی) پارامیندیس کەوەك دیکارت لەسەر بنەمای تێگەیشتنی ئەقڵانی زانایی (ناسین) دایدەمەزرێنێ لەتیۆری فیزیای دیکارت، واتە نەشیاویی بەتاڵ بوونی (بۆشایی) جیهان و پێویستی پڕبوونی ئەو (پڕیە)، دەچێ.

ئەفلاتوون لەکتێبی یۆن[13]دا بەشێوەیەکی زۆر رۆشن، ئیلهامی ئیلاهی شاعیر ـ دەستەمۆبوونی خوایی شاعیر ـ و سەرچاوەکانی زانایی راستین لەیەکتر بەجیا دەزانێ[14].

[11]. logos وشەیەکی یۆنانیە کەلەسەردەمی کۆندا بەواتای ئەقڵانیەت یان هزرێکی مەزن دەهات کەبەسەر جیهاندا زاڵ بووە، ئەمڕۆ واتا یەکیتر دەگەیەنێ. م فارسی.

[12]. 126 CF. Ibid, Heraclite, B54, 123, 88et, ئەو ئاماژە دەکات بەو ئاڵوگۆڕە نادیارانەی کەدژە دیارەکان پێکدەهێنن.

[13]. Ion

[14] ئەم بابەتە لەکتێبی فیدرسدا بەتایبەت لەژمارەی e259 بەدواوە بەڕوونکردنەوەیەکی زۆرترەوە باسی لێوەکراوەتەوە" لەهەمان حاڵدا وەك ئەوەی کەچێرنیس پێی وتم ئەفلاتوون لەژمارەی 275ی هەمان کتێبدا

ئەفلاتوون بەوەقایلدەبێ کەئیلهام بەشاعیران دەدەرێ بەڵام نکۆڵی لەهەرچەشنە سەرچاوەیەکی باڵا دەستی خوایی لەزانایی یان زانینی راستیەکان دەکات کەشاعیرەکان، ئەوەش بەئیمتیازێك بۆ خۆیان دادەنێن.

لەگەڵ ئەمەشدا بیری سەرچاوەی خوایی زانایی لەتیۆری بەناوبانگی یادەوەریی ئەفلاتوندا، کەلەچەند روویەکەوە بۆ هەموو کەس زەمانەت کاری بوونی سەرچاوەی خوایی ناسینە (لێرەدا مەبەست، ناسینی ناوەڕۆك یان ماکی هەرشتێکە نەك زانینی رووداوە مێژوویە تەواو دیارەکان) شوێنێکی سەرەکی هەیە، بەگوێرەی کتێبی مێنون[15] هیچ شتێك نەماوە کەگیانی نەمری مرۆڤ، بەر لە لەدایك بون فێری نەبووبێ. لەئەنجامدا، لەبەرئەوەی سەرجەمی ئەندێشەکان خزمی یەکترن کەواتە دەبێ گیانی ئێمە خوشکیان بێت، هەربۆیە هەموویان دەناسێ: هەموو

راشکاوانە جیاوازی دادەنێ لەنێوان مەسەلەکانی پەیوەندیدار بەسەرچاوەی ناسین و ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بەحەقیقەتەوە هەیە.

[15]. Menon

www.pertwk.com

شتێك دەزانێ[16]. لەكاتی لەدایك بووندا ئێمە هەموویان لەبیر دەكەین بەڵام لانی كەم دەتوانین بەشێك لەوان وەبیربێنینەوەو سەرلەنوێ زانایی خۆمان دەستكەوێتەوە:

بەس ئەوەندەی سەرلەنوێ حەقیقەت ببینین دەیناسینەوە. كەواتە هەر تێگەیشتنێك، سەرلەنوێ ناسینەوەیەكە، و بیرهێنانەوەو تازەكردنەوەی بیرەوەری ناوەڕۆك یان ماكی راستین كە پێشتر ناسیبوومان[17].

ئەم تیۆرە وای دادەنێ كەگیانی مرۆڤ، تائەوكاتەی كەلەگەڵ جیهانی نەمری ئایدیا، ناوەڕۆكەكان یان زاتە راستینەكاندا لەپەیوەندیدا بێت، حاڵەتێكی هەموو شت زانی خوایی هەیە. لەدایك بوونی مرۆڤ دابەزینێكە، دابەزین لەحاڵەتی سروشتی یا خوایی زانینە و هەربۆیە سەرچاوەو هۆكاری نەزانی مرۆڤ لێرەدایە (تۆوی ئەم ئەندێشەیە

[16] لەمەڕ پەیوەندی خزمایەتیو ناسینیش ئەم سێ بەرهەمەی ئەفلاتوون (فێدۆن، كۆمار، یاساكان) بخوێننەوە.
.Phedon79d, Republique 611 d et Lois 899 d

[17] · CF. Phedon, 77e sq, 75 e

كەنەزانی تاوانێكە، یان لانی كەم پەیوەندی بەتاوانەوە هەیە لەمەدا دەبینین، كتێبی فیدرس، ژمارە 765 بخوێننەوە).

ئاشكرایە كەتیۆری یادەوەری و رێبازی بنەما یان سەرچاوەی خودایی ناسینی مرۆڤ پەیوەندییەكی لەپچڕان نەهاتوویان پێكەوە هەیە. و هاوتەریب لەگەڵ ئەم پەیوەندییەدا، پەیوەندییەكی زۆر نزیك لەنێوان تیۆری یادەوەری و رێبازی تایبەتمەندی رۆشنی حەقیقەتیشدا هەیە. ئەگەر ئێمە، هەر لەوكاتەدا كەنوقمی لەبیرچونەوەی تاوانكارانەین، حەقیقەت ببینین مەحاڵە نەیناسینەوە. لەئەنجامدا، حەقیقەت بەنوێ بوونەوەی بیرەوەری، پێگە تایبەتیەكەی خۆی، واتە ئەوەی كەلەبیرنەچۆتەوەو نەشاردراوەتەوە (aletfes) بەڵكو شتێكە كەئاشكرایە، بەدەست دێنێتەوە.

سوقرات لەبەشێك لەنامیلكەی مینوندا، كەیارمەتی كۆیلەیەكی لاوی بێبەش لەفێربوون دەدات، هەتا لایەنێكی تایبەت لەمەسەلەی فیساغۆرسی "بیر بكەوێتەوە"، بەشێوەیەكی زۆر لێزانانە ئەمە پیشان دەدات. ئەمە شێوەی

www.pertwk.com

پراکتیکی ئەبتسمۆلۆژیی گەشبینانەیە کەشێوازی کۆنی قوتابخانەی دیکارتە. بەڵام وا دێتە پێش چاو کەئەفلاتوون لەمینۆندا بەلایەنی ئەوپەڕی گەشبینانەی تیۆریەکەی خۆی زانیوە چونکە ئەوی وەك شێوازێك بۆ هاندانی مەیلی فێربوون و لێکۆڵینەوەو دۆزینەوە لەمرۆڤدا وەسف کردووە.

بەڵام پێدەچێ ئەفلاتوون دواتر دوچاری جۆرە دڵسارديەك هاتبێ چونکە لەکتێبی کۆمار(و هەروەها لەناميلکەی فیدرس)دا پلانی تیۆرەیەکی ناسین دەبیندرێ کەڕەشبینانەیە. ئەفلاتوون لەچیرۆکی ئەشکەوتدا پیشانی دەدا کەجیهانی هەستپێکراو و ئەزمونی رەنگدانەوەو سێبەری جیهانی راستییە. تەنانەت ئەگەر یەکێك لەزیندانییەکان لەئەشکەوتەکە راکات و رووبەڕووی جیهانی راستی ببێتەوە ناتوانێ ببینێ و لێی تێبگات مەگەر ئەوەی گیروگرفتێکی لەچارە نەهاتووی بەتووشەوە بێت ـ باواز لەو گیروگرفتانە بهێنین کە بۆ تێگەیاندنی مەسەلەکە لەو کەسانەی لەئەشکەوتدا ماونەوە، تووشی دەبێ ــ بەربەستەکانی سەر رێی تێگەیشتن لەجیهانی راستی

تواناييەکی سەرو مرۆیی دەوێ و کەم کەس ـ ئەگەر هەبن ـ دەتوانن بگەنە ئەو دۆخە خواییەی کەبتوانن لەجیهانی راستین بگەن" بەدۆخی خوایی ناسینی راستین، بەزانست (بەیۆنانی ئەپستیمە episteme).

ڕەشبینی ئەم تیۆرە سەبارەت بەزۆربەی خەڵکی (نەك هەموان) ڕاستە (لەڕاستیدا ئەم تیۆرە وامان فێر دەکات کەچەند کەسێك ــ هەڵبژاردەکان ــ شایستەی ئەوەن بەحەقیقەت بگەن. دەکرێ بڵێین گەشبینی ئەم تیۆرە لەسەر ئەو کەسانە لەتیۆری تایبەتمەندی رۆشنی حەقیقەت، زۆرترە) ئاکامەکانی دەسەڵات خوازانەو نەریتخوازانەی ئەم هەڵێنجانە ڕەشبینانەیە لەکتێبی یاساکانی (ئەفلاتون بەتەواوی شیتەڵ و رۆشن کراوەتەوە.

بەم شێوە بۆ یەکەمین جار فەسلەفەکەی ئەفلاتون، لەئەبستمۆلۆژی گەشبینانەوە دەماتگەینێتە ئەبستمۆلۆژیی رەشبینانە. هەرکام لەم دوو تێگەیشتنە پێکهێنەری بنەمای یەکێك لەدوو فەلسەفەی دەوڵەت (دەوڵەتی کۆمەڵایەتی)ن، کەبەتەواوی دژی یەکترن: لەلایەك، ئەقڵگەرایی دژی

www.pertwk.com

نەریتخوازی، دژی دەسەڵاتخوازی، شۆڕشگێڕیو دڵخوازی دیكارتییە، لەلایەكی ترەوە، نەریتخوازیی دەسەڵات خوازانە.

تەواو پێدەچێ ئەم ئاڵوگۆڕە هزریە لەوەوە بێت كەئەندێشەی دابەزینی ئەبستمۆلۆژیانەی مرۆڤ نەك تەنیا دەتوانێ لەبەرامبەر لێكدانەوەی گەشبینانەی تیۆری (یادەوەری)دا خۆی راگرێ، بەڵكوو دەشتوانێ تەحەمولی لێكدانەوەیەكیتری بەتێگەیشتنێكی رەشبینانەوە هەبێت.

بەگوێرەی ئەم لێكدانەوەیە، دابەزینی مرۆڤەكە هەموان ـ یان زۆرینەیەكی گەورە ـ دەكاتە دیلی نەزانی بەرواڵەت لەچیرۆكی ئەشكەوت (و هەروەها بێگومان لەچیرۆكی دارمانی كۆمەڵگا بەهۆی فەرامۆش كردنی مۆسەكانو تەعالیمە خواییەكانیان (كۆمار، بەندی 546 d)دا دەتوانێ شێوەیەكی سەرەتایی سەرنجراكێش لەم ئەندێشەیە ببینرێ. ئەویش روانگەی پارامیندیسە كەبەپێی ئەو روانگەیە، بیرو بڕوای مرۆڤەكان لەخەیاڵات زیاتر نینو ئاكامی رێككەوتنامەیەكە كەبناغەیەكی خوایی هەیە (رەنگە

ئەم ئەندێشەیە هی گزەینەفۆن[18] بێت كەبەبڕوای ئەو سەرجەمی زانابیەكانی مرۆڤ خەیاڵاتێكی رووتن، و تەنانەت تیۆریەكانی خۆیشی لەباشترین حاڵەتدا، نیمچە راستن)[19] بناغەی ئەم رێككەوتنامە نەگریسە، زمانە: ناولێنانی شتێكە كەبوونی نیە. وەك كارێل رێنهارد[20] دەڵێ، رەنگە ئەندێشەی دابەزینی ئەبستمۆلۆژیانەی مرۆڤ لەوتاری ژنە خواوەندێكدا بێت، كەدەربڕی لادان لەرێگای حەقیقەتە بەرەو رێگای بیروباوەڕە هەڵخەڵەتێنەرەكان[21].

بەڵام تۆ فێردەبی كەبیروبڕوا هەڵخەڵەتێنەرەكان،
كەدەیانەوێ وەك حەقیقەت بناسرێن،

---

[18] xenophane (كۆتایەكانی سەدەی شەشی بەرلەزایین)، فەیلەسووفی یۆنانی.. وەرگێڕی فارسی

[19] ئاماژەی ئێمە بەپارچەی 35 B لەپارچە جێماوەكانی گزینەفۆنە

[20] · Karl Reinhardt

[21] · cf. K. Reinhardt, parmenides und die Geschichte der Griechischen philosophis, Klostermann, 1959, p. 26; cf. e’galement, p.5- 11 pour Les deux premiers vers cite’s ici(B1. W. 31- 32) Le troiseme vers correspond au fragment B8.7.60(cf. xe’nophane, B35), le dernier, ab8.v.61.

www.pertwk.com

چلۆن لەهەر شتێكدا رێگایەك بۆ خۆیان دەكەنەوە (..)
ئێستاش دەمەوێ لەگەڵ تۆدا لەو جیهانە بدوێم
كەوا دروستیان كردوە لەحەقیقەت بچێت.
ئیتر تۆ هەرگیز، عەودالی ناو بیركردنەوەكانی مرۆڤەكان نابی.

سەرئەنجام هەرچەند هاتنەخوارەوە پەیوەندی بەهەموو مرۆڤەكانەوە هەیە بەلاَم پێدەچێ بەهۆی ئیمتیازێكەوە، حەقیقەت ـ تەنانەت حەقیقەتی جیهانی ناواقعی خەیالاَت، بیروبڕواكان، تیۆریەكانو، ئەو بڕیارانەی مرۆڤەكان لەسەری رێككەوتوون: جیهانی لەئارادا نەبووی رواڵەت، كەدەیەوێ وەك جیهانی راستی بسەلمێو وەرگیرێ ـ بۆ هەڵبژاردەكان دەركەوێ[22].

دوو مەسەلەی گرنگ كاری كردە سەر فەلسەفەكەی ئەفلاتوون: دۆزینەوەكەی پارامینیدس و بڕوای ئەو بەوەی

[22] جێی خۆیەتی ئەم تێگەیشتنە ڕەشبینایەی پێویستی (هەڵە) لەگەڵ گەشبینی دیكارت وسپینۆزادا بەراورد بكەین (مادەی 5 لەنامەی حەفتاو هەشت)، چونكە ئەوان بەسووك سەیری ئەو كەسانەدەكەن كەوا بیر دەكەنەوە "گیانە ناپاكەكان، لەجیاتی ئەندێشە راستەكان، ئەندێشە ناڕاستەكان دەخەنە مێشكی مرۆڤەوە (veris similis)".

كەژمارەیەكی كەم لەمرۆڤەكان دەتوانن باوەڕ بەبوونی راستینی نەگۆڕو نەمری بێنن، هەر بەوشێوەی كەبڕوایان بەجیهانی لەئارادا نەبووی بگۆڕو لەڕاستی چووی[23] نادیار، هەیە ئەفلاتوونیش، عەودالْ لەنێو هیواو ناهۆمێدیو خۆبەدەستەوەداندا، بەردەوام ئەمەی وتۆتەوە.

(8)

بەلاَم ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجی ئێمەیە ئەبستمۆلۆژیای گەشبینانەی ئەفلاتووونو تیۆری یادەوەریەكەیەتی كەلەكتێبی مێنوندا باسی كردوە. بەبڕوای من هەردوو تیۆرییەكە، نەك تەنیا وێنەگەلی پێشتری ئەقڵگەرایی دیكارتین بەڵكو، هەروەها وێنەگەلی پێشتری تیۆریەكانی ئیستقرایی ئەرەستوو، بەتایبەتیش بیكۆنن.

لەراستیدا پرسیارە بەجێكانی سوقرات یارمەتی كۆیلەكەی مینۆن دەدەن هەتا زانیاریە لەبیرچۆوەكەی وەبیر

[23] بەئینگلیزی verismilitude (بەفەرەنسی ’ve’rismilarite) .

www.pertwk.com

بێتـەوە کەبـەر لـە لـەدایك بـوون واتـە ئەوکاتـەی کەهـەموو شـتێکی زانیـوە، لەدەروونیـدا هـەبووە. مـن لـەو بڕوایـەدام ئەرەسـتوو، لـەو شـوێنەدا کـەدەڵێ سـوقرات شـێوازی ئیستقرایی داهێنا، ئاماژە دەکات بەم شێوازە بەناوبانگەی سـوقرات کەلـەکتێبی تێئەتێتووسـی(ئـەفلاتون)دا بەهونـەری بـەدنیاهێنان یـان مامـانی (مایوتیـك maueutique) ناسێنراوە[1].

بـەبڕوای مـن مەبەسـتی ئەرسـتۆ و بیکـۆن لـە "ئیسـتقرا" زیـاتر لـەوەی کەگەڕانـەوە بێـت، لەسـەر بنـەمای روانینـە تایبەتیـەکان، بـۆ سروشـت، هەنگاوێکـە بـۆ گەیانـدنی ئێمـە بەجێیەك کەبتوانین بەپشکنین لـەنیوەڕۆك (جوهر) یان زاتـی راسـتینی شـتێك تێبگـەین[2]. بـەڵام هـەروەك دەرمانخسـت

[1] Metaphysique, m . 1078 b 17-33icf egalement 987 b1,

[2] دەستەواژەی "ئیسـتقرا" (بـەیۆنانی epagoge)، لەڕوانگـەی ئەرەسـتۆوە لانی کەم دوو شتی جیاواز دەگەیەنێ کەنووسەر بڕێك جار پێی وایە پێکەوە پەیوەندیان هەیە. لە حاڵەتی یەکەمدا ئیستقرا کارێکە کەلـەڕێگای پشکنینەوە بنەمایـەکی گشـتیمان تێدەگەیـەنێ. (لێکۆڵینـەوەی یەکـەم، سـەبارەت

ئامانجی مامانیەکەی سوقرات رێك ئەمەیە: مەبەست ئەوەیە کەبیرەوەریەك نوێ ببێتەوە یان مرۆڤ رێنوێنی بکرێ بۆ نوێ بوونـەوەی بیرەوەرییـەك‌و، وەبیرهێنانـەوە توانـای مرۆڤـە بـۆ

بەوەبیرهێنانـەوە لەمێنونـدا 67 a22، و لێکۆڵینـەوەی دووهـەم viav) لەحاڵەتی دووهەمدا ئێمە لەگەڵ شێوازێك سەروکارمان هەیە (توبیفا "هونـەری مشـتومڕ" 150A13، 156A4، توبیقـای دووهـەم 78635، 81 b5 بەدواوە) کەکارەکەی لەسەر بنەمای شێوازێکی توێژینـەوەیی، بـەبێ نـاوەڕۆکی رەخنـەئامێزی یـان ئامـاژەکردن بەنموونـە دژەکـان، لـەبوارە (جیاجیاکـان)ەوە دەسـت پێـدەکات. بـەبڕوای مـن شـێوازی یەکـەم کـۆنترین شـێوازەودەکرێ بەئاسـانی ئـەو شـێوازە لەگـەڵ شـێوازی مامـانیی سـوقراتدا، بـەبوونی لایـەنی رەخنەئامێزی‌و نمونە دژەکانیەوە، وەك یەك بزانین، بەڕواڵەت شێوازی دووهـەم لەهەوڵێکـەوە سەرچـاوە دەگـرێ کـەبۆ رێك‌وپێـك کردنـی ئیسـتقرای تیـۆری لـۆژیکی یـان وەك ئەرەسـتۆ دەڵـێ (لێکدانـەوەی یەکـەم 68 b 10 بـەدواوە) بەمەبەستی دامەزراندنی پێوانەیەکی (باوەڕپێکراو) لەسەر بنەمای ئیستقرایە، ئەم پێوانەیە دەبێ حەتمەن پێوانەیەکی تەواو هەمەگیر بێت هەتا ببێتە جێگای ئیعتبار (متمانە) (دەبێ سـەرجەم لایەنـەکان لـەخۆ بگـرێ) ئیستقرای ئاسـایی، بـەو واتایـەی کەلەشـێوازی دووهەمـدا کـاری پێـدەکرێت حاڵـەتی لاواز (و بـێ ئیعتباری) شێوازی یەکەمە.

.(cf. The open solciety, op. Cit. , chap. 11, note 33)

www.pertwk.com

بینینی سروشتی راستین یان نێوەڕۆك (جوهر)ی شتێك واته ئایدیا كەبەرلەوەی لەدایك بێت، بەرلەدابەزین، شارەزایی لێیان بووه. بەم جۆره دوو شێوازی مامانی و ئیستقرا، ئامانجگەلێكی وەك یەكیان هەیە. جیا لەوه ئەرەستۆ وای فێركرد كەئاكامی ئیستقرا ـ دۆزینەوەی ماك (جوهر)ی شتەكان . دەبێ بەپێناسەكردنی ماكی دەرببڕدرێ.

هەركات وردی لەم دوو شێوازه بكۆڵینەوه تێدەگەین كەهونەری مامانی سوقراتی زۆرتر هێنانەگۆڕی پرسیارگەلێكه بۆ نەهێشتنی حوكمدانه پێشوەختەكان‌و بیروبڕوا ناراستەكان كەزۆرتر بەرهەمی نەریت یان خووەكانی سەردەمن‌و، وەڵامگەلێكی ناراستن كەلەنەزانیەكی زۆر خۆبەزلزانانەوه سەرچاوه دەگرێ.

سوقرات خۆی بەزانا نەدەزانی. ئەرەستۆ بەم جۆره باس لەرەوشی سوقرات دەكات:

"سوقرات پرسیاری دەكردو وەڵامی نەدەدایەوه چونكه دانی بەوەدا دەنا كەهیچ نازانێ"[3] هەر بۆیە، مامانیەكەی ئەو شێوازێك نیە بۆ فێركردنی بیروبڕوایەكی تایبەت، بەڵكوو بەپێچەوانەوه شێوازێكه بۆ پاك‌وخاوێن كردنەوەی دەروون (بگەڕێنەوه بۆ ئەو ئاماژەیەی كەلەژمارەی 160c تێئەتیتوسی ئەفلاتووندا بەئامفید رۆمیا[4] كراوه) لەبیروبڕوا ناڕاستەكان، لەراست چووەكان‌و حوكمدانه پێشوەختەكان. شێوازی مامانی بەفێركردنی ئێمه بەوەی كەبیروبڕواكانمان بكێشینه ژێر پرسیار، بەئامانجەكەی دەگات. ئیسقرا بەشێوەی بیكۆنیش لەبنەڕەتدا شێوەیەكی ئەوه.

3. Re Futatons sophistiques, 183 b 7 cf. galement Teetete, 150c-d, 157 c, 161b

4. Amphidromia (وشەیەكی یۆنانیه) جێژنێكه بۆ تازه لەدایكبووان (بۆ كۆرپەی ساوا)، لەپێنجەم رۆژی لەدایك بوونیدا، لەو جێژنەدا كۆرپەساواكەیان دەگرته باوەش‌و بەدەوروبەری خانووەكەیاندا رایان دەكرد. (وەرگێڕی فەرەنسی).

www.pertwk.com

(9)

ئێستا باس لەشێوازیکاری تیۆری ئیستقرایی بیکۆن دەکەین. بیکۆن لەکتێبی ئەرغەنوونی[1] نوێدا جیاوازی لەنێوان شێوازی دروستو شێوازی نادروست دادەنێ. ناوێك کەلەسەر یەکەمدانەیان دایدەنێ: " interpretatio natura" وەك باوە بە "لێکدانەوەی سروشت" دەخوێندرێتەوەو، دووهەم دانە، واتە "anticipatio mentis" بە "وەپێش کەوتنەوەی زەین" یان "پێشبینی زەینی" دەخوێننەوە[2]. بەڕواڵەت ئەم لێکدانەوانە ڕۆشنن بەڵام لەڕاستیدا فریودەرن. بەبڕوای من مەبەستی بیکۆن لە"لێکدانەوەی سروشت" خوێندنەوەی سروشتو یان باشتر بڵێین کردنەوەی ڕەمزو ڕازەکانی کتێبی سروشتە[3].

---

1. Novum organum
2. CF. Novum organum ,notamment I, xxvi

(یاداشتی وەرگێڕی فەرەنسی).

3 لەبەشێکی بەناوبانگی کتێبی II saggiatore (بەشی شەشەم)، (کە بۆنز (M.Bunge) دۆستانە وەبیری هێنامەوە،گالیلۆ ڕستەی: "کتێبی مەزنی

بێگومان وشەی "لێکدانەوە"[4] لەزمانی ئینگلیزیی نوێدا ناوەڕۆکێکی زەینی یان ڕێژەیی هەیە. کاتێك دەڵێین ڕۆدۆڵف سێرکین[5]. ڕێبەری ئۆرکیسترای ئیمپراتۆر، بەرهەمی بێتهۆڤنی، جێبەجێ کرد (ئەنجامدا) (لەزمانی ئینگلیزیدا بەجێبەجێکردنی پارچە مۆسیقایەك دەڵێن تەعبیر کردن.. وەرگێڕی فارسی).

مەبەستی ئەوەیە کەجێبەجێکردن (لێکدانەوەگەل)ی جۆراوجۆر لەم ئاهەنگە هەیەو ئەو جێبەجێکردنەی ئێمە مەبەستمانە، بەڕێوەبردن (لێکدانەوە)ی سێرکینە. بەدڵنیایەوە ئێمە نامانەوێ بەوتنی ئەم ڕستەیە بڵێین کەئەم پێشکەش کردنە باشترین، دروست ترین، نزیکترین جۆری پێشکەشکردنە بەوەی کەبیتهۆڤن دەیەوێ. بەڵام هەر لەو

سروشت کەلەبەردەمماندا واڵا کراوە، واتە جیهان" ی بەکارهێناوە. هەروەها سەیری کتێبی شێوازی دروستی بەکارهێنانی ئاوەز بکەن کەبەرهەمی دیکارتە.

4. interpretation

5. sekin Rudolf (1903–1991)، پیانۆژەنی ئەمریکی بەڕەچەڵەك ڕووسی. وەرگێڕی فارسی.

www.pertwk.com

کاتەدا کەئەوە بەباشترین جۆری پێشکەش کردن (دەربڕین) نازانین، هەرئەوەندەی کەوشەی (دەربڕین) بەکاردێنین ددانمان بەبونی جۆرەها پێشکەشکردن یان خوێندنەوە (لێتێگەیشتنە)کاندا ناوە کەدەشێ بونیان هەبێ بەبێ ئەوەی کەبمانەوێ پێ لەسەر بایەخی هاوکێشی ئەو پێشکەشکردنانە (لێتێگەیشتنانە) داگرین.

من لێرەدا وشەی "خوێندنەوە" (بەواتای لێتێگەیشتن) لەجیاتی لێکدانەوە بەکاردەهێنم، نەك تەنیا لەبەرئەوەی کەواتاگەلێکی زۆر نزیکیان هەیە بەڵکوو لەبەرئەوەش کەواتای "کاری خوێندنەوە" (بەواتای ناوی کردار= خوێندنەوە) و "خوێندنەوە": (کاری خوێندنەوە لەحاڵەتی "ئێستا ئیتر لەگەڵ "لێکدانەوە" و "خوێندنەوە" وەك یەکیان لێهاتووە، جیا لەوەی کەبەکارهێنانی کۆن و نوێی "کردەی خوێندنەوە": هەردووکیان تەواو باون. لەڕستەی "من نامەکەی ژانم خوێندەوە" ، ئەم وشەیە بەبێ هیچ مەبەستێکی تری زەینی بەواتا باوەکەی بەکارهاتووە بەڵام ئەم رستانە: "من بەشێوەیەکیتر ئەم بەشە لەنامەی ژان

دەخوێنمەوە: و یان "خوێندنەوەی ئەم دەستەواژەیە بۆ من جیاوازە" نموونەگەلی بەکارهێنانی وشەی "خوێندنەوە" (بەواتا کردارییەکە)یەتی کەتوخمی شێوە بیرکردنەوەیان رێژەیی بوون لەواندا بەشدارە.

بەڵام من قسەم ئەوەیە کەواتای "لێکدانەوە"ش رێك بەو شێوە گۆڕدراوەی، جیا لەیەکەم واتا ـ بێگومان واتای "بەدەنگی بەرز خوێندنەوە بۆ کەسێك کەخۆی ناتوانێ بخوێنێتەوە" ـ ئیتر بەکردەوە لەئارادا نەماوە. لەئێستادا تەنانەت رستەی "دادوەر دەبێ هەق بڵێت[6] " ئەو مانایە دەبەخشێ کەدادوەر لەم کارەدا بڕێك دەسەڵاتی هەیە، لەکاتێکدا کەئەم رستەیە لەسەردەمی بیکۆن دا ئەم واتایەی دەبەخشی: ئەرکی سەرشانی دادوەرە وا باسی هەق کات کە هەیە " دەربڕی هەق بێت، بەرێكوپێکی هەق جێبەجێبکات. لێکدانەوەی یاسایی "interpretatiojuris" (یان Legis)، یان ئەم واتایە دەبەخشێ، یان بەواتای دەربڕینی هەق بۆ غەیری

[6]. interpret the law

www.pertwk.com

یاساناس بەکاردێ[7]. لەم روانگەیەوە، لێکدەرەوە(جێبەجێ کەری) ی یاسا هیچ دەسەڵاتێکی نیە یان لانی کەم ئیختیارەکەی لەوەرگێڕی سوێندخواردوو زۆرتر نیە، کەبەڵگەیەکی یاسایی وەردەگێڕێت.

کەواتە شیاو نیە کە بە (خوێندنەوەی سروشت) مانا بکرێتەوە. دەبێ لەجیاتی ئەو شتێکی وەك "خوێندنەوەی (دروستی) سروشت" کەهاوتای "خوێندنەوەی (دروستی) هەق"ە دابندرێ.

من پێم وایە بیکۆن ویستوویەتی بڵێ ئەم کارە بریتیە لە : "خوێندنەوەی سروشت وەك هەیە: یان "کردنەوەی رەمزو رازی کتێبی سروشت". لەراستیدا ئەو فرمۆڵەی کەهەڵیدەبژێرین دەبێ دوور بێت لەتێگەیشتنە نوێکەی وشەی "لێکدانەوە". و نابێ پشت بەگریمانەکان، یا ئەو هۆکارە نادیارانەی زەمانەتی بیرۆکەی هەوڵدان بۆ

7. Cf. Bacon. De augmentis..vi , xivi et T. manley. The Interpreter (..) obscure words and Terms used in the Lawes of this Realm. S 1. , 1672.

لێکدانەوەی شتە ئاشکراکانی سروشت دەکەن، ببەستێت. چونکە لەم حاڵەتەدا پێشبینی زەینی دەبێ، بەو واتایەی کەبیکۆن مەبەستیەتی. هەڵبەت بەبڕوای من هەڵەیە ئەگەر خزمایەتی گریمانەگەلێك دروست بکات چونکە ئیستقرای بیکۆن وەك بانگەشە دەکات ناسینێکی یەکجارەکی دێنێ نەك گریمانەیی.

بەڵام جێی خۆیەتی سەبارەت بەواتای زاراوەی "پێشبینی زەینی" وتەی جۆن لۆك بهێنینەوە: "مرۆڤەکان هەمیشە ملکەچی یەکەمین پێشبینی زەینی خۆیان دەبن"[8] ئەم قسەیە واتاکردنەوەی قسەکەی بیکۆنە، ئەم واتاکردنە بەڕوونی دەریدەخات کەپێشبینی "ANTICIPATIO" بەواتای حوکمدانی پێشوەختەو، تەنانەت خورافەیە. هەروەها دەکرێ سوود لەدەستەواژەی " anticipatio deorum" وەربگیرێ کەمانای بوونی خواوەندگەلێکی وەڕووخەری خەیاڵاتی خۆش باوەڕوانەو سەرەتایی یان

8. De Laconduite de lentendement, paris, Vrin, 1975 (trad. Y . nicheud), s 26

www.pertwk.com

خورافی دەگەیەنێ. بەڵام دەکرێ بابەتەکە زیاتریش شیتەڵ بکرێتەوە: حوکمدانی پێشوەخت[9] لەوشەی دادوەریەوە وەرگیراوە، ئەگەر قاموسی ئینگلیزی ئۆکسفۆردمان قبووڵ بێت ئەوا بۆ یەکەم جار بیکۆن کرداری حوکمدانی پێشوەخت (to prejudge)، بە واتای "پێشاوپێش حوکمدانێکی نالەبار"، واتە لەئەرکەکانی دادوەر[10] واوەتر رۆشتنی، هێناوەتە ناو زمانی ئنیگلیزییەوە.

بەم جۆرە دوو شێوازە پێشنیارکراوەکەی بیکۆن بریتین لە :"کردنەوەی رەمزو رازی کتێبی ئاوەڵای سروشت" کەناسین یان زانستی[11] لێدەکەوێتەوە پێشوەخت حوکمدانی زەینی کەبەهەڵە یان تەنانەت بەختەتا دادوەری لەسەر سروشت دەکات" بەدۆکسا[12] یان لێکدانەوەیەکی سادەو

---

[9] سەیری کتێبی بنەماکانی دیکارت بکەن، I ، 50.

10. Cf. Advancement of Learning, Londres, Dent, 1973. I. V. 82.

(یاداشتی وەرگێڕی فەرەنسی)

11. episteme

12. doxa

ساکارو، هەروەها بەهەڵە خوێندنەوەی کتێبی سروشت کۆتایی دێت. شێوازی دووهەم، کەبیکۆن رەتیدەکاتەوە لەڕاستیدا شێوازی لێکدانەوە بەواتا نوێکەیەتی، شێوازی شیمانەو گریمانەکانە، (هەڵبەت من بەتەواوەتی لایەنگری ئەم شێوازەم).

بەڵام چۆن چۆنی خۆمان بۆ خوێندنەوەی دروستو وەفادارانەی سروشت تەیار بکەین؟ بیکۆن بەم جۆرە وەڵام دەداتەوە: دەبێ مێشك لەهەر چەشنە پێشبینیو گریمانەو گومانو حوکمدانێکی پێشوەخت[13]، پاك بکەینەوە. دەبێ بۆ ئەم پاککردنەوە زەینیە کەڵك لەشێوازگەلی جۆراوجۆر وەربگرین. دەبێ دەست لە "بتە" کانو بیروبڕوا ناڕاستەکان هەڵگرین کەزۆر ڕەواجیان،هەیە چونکە ئەمانە روانینەکانمان بەلاڕێدا دەبەن[14]. بەڵام دەبێ وەك سوقراتیش مەسەلەو نمونە دژەکان بدۆزینەوە. ئەم نموونانە بواری ئەوەمان دەدەنێ سەبارەت بەوشتەی کەدەمانەوێ ناوەڕۆکی راستینو

---

13. Novum organum, I, LXV III, LXIX in fine

14. Ibid, I, xcv II

www.pertwk.com

زاتی ئەومان بۆ دەرکەوێ، حوکمدانە پێشوەختەکانمان باشتر هەڵسەنگێنین، ئێمەش دەبێ وەك سوقرات بەپاك کردنەوەی زەینی خۆمان، دەروونمان بۆ بینینی تیشکی نەمری ئایدیا ئامادە بکەین[15]؟ دەبێ بەهاوکاری نموونە دژەکان، حوکمدانە پێشوەختە چەپەڵەکانی خۆمان وەلانێین[16].

تەنیا دوای ئەوەی کەبەم شێوەیە خۆمان پاك کردەوە دەتوانین خۆمان بەکردنەوەی رەمزو رازی کتێبی سروشتەو، حەقیقەتی رۆشنەوە خەریك بکەین.

بەبڕوای من بەپێی ئەم بەڵگانە، ئیستقرا بەشێوازی بیکۆن)(و بەشێوازی ئەرەستۆش) لەبنەمادا وەك مامانیەکەی سوقرات وایە: هەرکات حوکمدانە پێشوەختەکانمان وەلانا دەبێ مێشکمان بۆ سەرلەنوێ ناسینەوەی حەقیقەتی ئاشکرا و روون یان خوێندنەوەی کتێبی سروشت ئامادە بکەین.

---

15. cf. saint Augustin, La Cite de Dieu, V III, 3

16. Novum organum, II, XVI, sqq

شێوازی گومانی دیکارتیش، لەبنەڕەتدا هەرئەمەیە: شێوازێکە بۆ وەلانانی سەرجەم حوکمدانە پێشوەختە ناڕاستە زەینییەکان بەمەبەستی گەیشتن بەبناغەیەکی پتەو کەحەقیقەتی ئاشکرا پێکیدەهێنێ.

ئێستا باشتر تێدەگەین کەبۆ ئەبستمۆلۆژیای گەشبینانەی لەم چەشنە تێگەیشتنە، تێگەیشتنێك کەحاڵەتی سروشتی یان پاكو بێگەردی مرۆڤە، حاڵەتی روانینێکی بێتاوانانەیە کەدەتوانێ حەقیقەت ببینێ و لەکاتێکدا کەنەزانی، سەرچاوەگرتوو لەبریندارییەکە کەئەم روانینە بێ تاوانە، لەکاتی دابەزینی مرۆڤدا تووشی بووە، بریندارییەك کەدەشێ بەپاککردنەوە بەشێکی چارەسەر ببێت. هەروەها باشتر تێدەگەین کەبۆچی ئەم تیۆری زانینە، لەشێوە دیکارتیەکەیداو، هەروەها لەو شێوەیەیدا کەبیکۆن دەیداتێ، لەناخیدا ڕێبازێکە بەناوەرۆکی ئاینییەوە، کەبەپێی ئەو ڕێبازە بنەمای تەواوی زانایییەکان، سەرچاوەی دەسەڵاتێکی خودایی هەیە.

www.pertwk.com

دەکرێ بڵێین کەئەپستمۆلۆژیای بیکۆن لەژێر کاریگەری "ناوەڕۆکەکان" یان "چییەت"ییە خودایییەکانی فەلسەفەی ئەفلاتوونو، ڕووبەروبوونەوەی نێوان حەقیقەتو تایبەتمەندی خەیاڵئامێزی ڕێککەوتنامە مرۆییەکان، کەلەناو یۆنانیەکاندا برەوی هەبووە، سروشت لەجیاتی خواوەند دادەنێ و ڕەنگە هەر ئەم خاڵە دەربڕی ئەوە بێت کەبۆچی دەبێ مرۆڤ بە نزیک بوونەوە لەسروشت پاك ببێتەوە: هەرکات زەینمان پاکبکەینەوە هەستەکانمان، کەهەندێك جار فریو دەرن(ئەفلاتوون ئەوانە بەناپاکی لەچارە نەهاتوو دەزانێ)، پاك دەبنەوە، دەبێ پاکی و بێگەردی سەرچاوەکانی ناسین بپارێزین، چونکە مەترسی ئەوە لەئارادایە کەببن بەسەرچاوەکانی نەزانی.

(10)

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەبستمۆلۆژیاکانی بیکۆن و دیکارت لایەنی ئاینییان هەیە، هێرشی ئەو دووانە بۆ سەر حوکمدانە پێشوەختەکان و بڕوا کۆنەپەرستەکان، کە مرۆڤ بەهۆی

کەمتەرخەمی و گوێنەدانەوە، وەری دەگرێ، بەئاشکرا بنەمای دژە دەسەڵاتخوازیو دژە نەریتخوازی هەیە. لەراستیدا ئەم دوو فەیلەسووفە خوازیاری ئەوەن کە ئێمە سەرجەم بڕواکانی خۆمان، جیا لەوانەی کە خۆمان لەراستیەکەیان تێگەیشتووین، وەلانێن. کەواتە بێگومان ئەم هێرشانە ڕووی لە دەسەڵات و نەریت بووە، لە خەبات دژی دەسەڵات، لە دژی دەسەڵات ئەرەستۆو نەریتی قوتابخانەیی(ئیسکۆلاستیك)ەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئەو سەردەمە باو بووە، جا لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان توانای تێگەیشتن لە حەقیقەتیان هەیە، پێویستیان بەم چەشنە دەسەڵاتانە نیە.

بەڵام من لەو بڕوایەدا نیم کە بێکۆن و دیکارت توانیبێتیان بەتەواوی ئەبستمۆلۆژیاکەی خۆیان لە پشتبەستن بە هەر جۆرە دەسەڵاتێك (سەرچاوەیەکی باوەڕپێکرا) بپارێزن و ئەمە کەمتر بەهۆی گەڕانەوە بووە بۆ دەسەڵاتێك لە جۆری ئاییینی- سروشت یان خواوەند- بەڵکو هۆکارێکی دیکەی هەبووە کە ئەویش قووڵترە.

www.pertwk.com

ئەوان بە پێچەوانەی لایەنگیری تاکخوازی ئەندێشەکانیانەوە ئەوەندە نەچوونەپێش کە فیکری رەخنەگری مرۆڤ، داوەری من و تۆ وەك پێوەر سەیرکەن. بێگومان وایان بیر کردۆتەوە کە رەنگە ئەم کارە زەیینگەرایی و خۆپەرستی لێبکەوێتەوە. بەڵام هۆکارەکەی هەرچیەك بووبێت، بە دڵنیاییەوە ئەوان، هەرچەند زۆریان حەزدەکرد، نەیانتوانیوە بەبێ پشتبەستن بە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو(دەسەڵات) بیر بکەنەوە، تەنیا توانیویانە دەسەڵاتێك لە جێگای دەسەڵاتێکی دیکە- دەسەڵاتی ئەرەستۆو کتێبە پیرۆزەکان- دانێن. ئەوان هەر کامەیان دەست بەدامێنی سەر چاوەیەکی باوەڕ پێکراوی دیکە بوون: یەکێکیان دەستەوداوێنی هەستەکان، ئەوی تریان دەست بەدامێنی شعور(هۆشیاری) بووە.

ئەم قسەیە بەو مانایەیە کە بیکۆن و دیکارت نەیانتوانیوە ئەم مەسەلە گەورەیە چارەسەر بکەن: چۆن قبوڵی بکەین کە ناسینی ئێمە مەسەلەیەکی مرۆیی- زۆریش مرۆیی- یەو لە هەمانکاتدا بە شێوەیەکی

پاڵەکی(زمنی) نەیسەلمێنین کە ناسین جیا لە خەون و خەیاڵ و خۆپەرستی مرۆڤ شتێکی دیکە نیە؟

لەگەڵ ئەمەشدا کە زۆر پێش ئەوان، ئەم مەسەلە باس و چارەسەرکرا بوو: وەك دەڵێن یەکەم جار لەلایەن گزەنفۆنەوەو، پاشان لەلایەن دیمۆکریتەوە[1] و دوای ئەو لەلایەن سوقراتەوە (سوقراتی کتێبی ئەپۆلۆجیا(داکۆکی) نەك، سوقراتی کتێبی مێنون) بەم شێوەیە چارەسەری مەسەلەکە دەکرێ کە: ئەگەر ئێمە هەموومان تووشی هەڵە دەبین و زۆر جاران بەتاك و بە کۆمەڵ هەڵەدەکەین، ئەندێشەی هەڵەو هەڵە کردنی مرۆڤ رێك ئەندێشەیەکی دیکە دێنێتە ئاراوە، ئەو ئەندێشەیەش حەقیقەتی بابەتی یان نەریتێکە کە وەك پێویست دەستمان پێی ڕاناگات. لە ئەنجامدا نابێ وا بیر بکەینەوە کە ڕێبازی هەڵەکاری مرۆڤ بەرهەمی تیۆری زانستیی رەشبینانەیە. بەپێی ئەم ڕێبازە ئێمە شیاوی ئەوەین بە شوێن حەقیقەتدا، حەقیقەتی بابەتی (عەینی)دا بگەڕێن ئەگەر چی زۆر جار بە ئامانجەکەمان

[1] Democrite (370 – 460 بەر لە زایین) فەیلەسوفی یۆنانی.

www.pertwk.com

ناگەین. ئەگەر ئێمە ستایشی حەقیقەت دەکەین دەبێ پێداگرانە، بەرەخنەیەکی ئەقلانیو رەخنە لە خۆگرتن هەموو کاتێك لە رێگای ئاشکراکردنی هەڵەکانی خۆمانەوە، بە دواییدا بگەڕێین.

ئێراسم[2] هەوڵیدا هەتا سەرلەنوێ فێرکاریەکانی سوقرات بژێنێتەوە، ئەو فێرکاریانە کە لە هەمانکاتدا سادەن و بێ ئیدیعابوون، لێبڕاوانەش بوون:(خۆت بناسەو بەم شێوە قبوڵ بکە کە چەند کەم دە زانی) بەڵام ئەم ڕەوشە لەجێی خۆیدا بەبڕوا هەبوون بە تایبەتمەندی رۆشنی حەقیقەت و شێوەیەکی نوێ لە بڕوا بەخۆبوون کە لۆسەر[3] و کالڤین[4]، بێکۆن و دێکارت بوونە بەرجەستەکەریو گوتوویانەتەوە.

---

[2] Erasme (1469 – 1536)، مرۆڤ دۆستی هۆڵەندی، نوسەری کتێبی بەناوبانگی ستایشی شێتیەتی– وەرگێڕی فارسی.

[3] Martin Luther (1483 – 1546) زانای ئیسلامی و چاکسازی ئایینی ئەڵمانی – وەرگێڕێ فارسی

[4] Jean calvin (1509 – 1564) چاکسازی ئایینی فەرەنسی، لایەنگری ئەندێشەی لۆسەر، وەرگێڕێ فارسی.

لەم ڕووەوە وورد بوونەوە لە جیاوازی نێوان گومانی دیکارتیو گومانی سوقرات یان گومانی ئێراسم و هۆنتۆنی[5] زۆر گرنگە. سوقرات، تێگەیشتن یان زانایی مرۆیی دەباتە ژێر پرسیارو پێ لەسەر رەتکردنەوەی هەرچەشنە لافی تێگەیشتنێ یان زاناییەك دادەگرێ، لە کاتێکدا دیکارت لەهەموو شتێك بەگومانە بەڵام تەنیا بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی تەواو یەکلاکەرەوە دەست بۆ ئەم کارە دەبا، چونکە لەوە تێدەگا کە زیادە ڕۆیی لە گوماندا، وای لێدەکات کە حەقیقەتی خواوەند بخاتە ژێر پرسیارەوە کە بێ مانایە. دیکارت دوای ئەوەی سەلماندی کە شك و گومانی گشتگیر بێ مانایە، بەو ئاکامە دەگا کە ئێمە دەتوانین بڕوا بە ناسین (زانین) بکەین، دەتوانین زانابین بەو مەرجەی کە بە هاوکاری روناکی سروشتی ئەقڵ، ئەندێشە ڕۆشن و دیاریکراوو سروشتیەکانی خواوەند لە ئەندێشەکانی تر کە لە خەونو خەیاڵی چەپەڵی ئێمەوە سەرچاوەیانگرتووە، جیاکەینەوە.

---

[5] michel montaigne (1533 – 1592) نووسەری فەرەنسی، وەرگێڕێ فەرەنسی

www.pertwk.com

بەم جۆرە گومانی دیکارتی جیا لە ئامرازێکی سادە بۆ مامانی شتێکی دیکە نیە، کە وەك پێوانەی هەڵسەنگاندنی حەقیقەت کەڵکی لێوەردەگیرێو لە ئەنجامدا شێوازێکە کە دەتوانێ زەمانەتی تێگەیشتن و زانایی ئێمە بکات. بەڵام لەڕوانگەی سوقراتەوە(لە ئەپۆلۆجیادا) زانایی، هۆشیاری مرۆڤە لەسەر خۆی، زانایی مرۆڤە لەسەر ئەوەی کە چەنێك کەمزانە. نیکۆلاس دی کۆس[6] و ئێراسم(کە پشت بە سوقرات دەبەستێ) سەرلەنوێ دەچێتەوە سەر ڕێبازی هەڵەکاری ریشەیی مرۆڤ و لەسەر بنەمای ئەم ڕێبازە(مرۆڤ دۆستانەیە(بە پێچەوانەی ڕێبازی گەشبینانەی پێویستی سەرکەوتنی هەق کە ملتۆن وەك بنەما لەبەرچاوی گرتبوو) نیکۆلاس دی کۆس و ئێراسم، هۆنتۆنیو جۆن لوك و ڤۆڵتێر[7] بەدوای ئەوانیش جۆن ستوارت مێل و بیرتراند

[6] nicolas de cues(یان لە ئەسڵدا: nikolaus krebs) (1401 – 1464) پیاوی ئایینی ئەڵمانی، پشتیوانی پاپاکان و ئەوەی کە ئەوان هەڵە ناکەن، وەرگێڕی فارسی.)

[7] voltaire (1694 – 1778)، نووسەری فەرەنسی، وەرگێڕی فارسی.

ڕاسێڵ بناغەی ڕێبازی نەرم ونیانی نواندنی خۆیان داڕشت. ڤۆڵتێر لە فەرهەنگە فەلسەفیەکەی خۆیدا ئەم پرسیارە دێنێتە ئاراوە: (نەرمی نواندن یانی چی؟) هەر خۆشی وەڵامدەداتەوە: "نەرمی نواندن تایبەتە بە مرۆڤەوە. ئێمە لە تەوقی سەرەوە تا نووکی پێ بێ تواناو هەڵەین، با لە گەمژەییەکانی یەکتر خۆشبین، ئەمە یەکەم یاسای سروشتە" لەم دواییانەدا، ڕێبازی هەڵەکاری مرۆڤیان بە بنەمای تیۆری ئازادی سیاسی واتە ڕزگاری لە زۆر و گوشار، زانیوە[8].

(11)

بێکۆن و دیکارت لە ڕوانین و ئەقڵ دەسەڵاتگەلێکی نوێیان دروستکردووە، کە لە تەواوی مرۆڤەکاندا هەیە، بەڵام بەم کارەیان خودی هەموو مرۆڤێکیان کردۆتە دوو بەشەوە، سەرچاوەیەکی باڵاتریان لەودا پێکهێناوە کە دەسەڵاتەکەی لەمەڕ حەقیقەتە – بیکۆن ئەم سەرچاوەیە بە ڕوانین (بینین)و

[8] Cf. F. A.Hayek. The constiution of Liberty. Londres, Routiedge,1960, pp. 22 et 29

www.pertwk.com

دیكارت بە هۆشیاری(شعور) ناو دەبا– و سەرچاوەیەكی نزمتر كە پێكهێنەری زاتی هاوبەشی تەواوی مرۆڤەكانە یان هەمان مرۆڤی كۆنە كە لە ناخی ئێمەدا جێگیرە. لەبەر ئەوەی كە حەقیقەت ڕۆشن و ئاشكرایە هەمیشە ئەوە(ئێمە)ین كە لە ئاست هەڵەكاندا بەر پرسیارین. هەڵە بەرئەنجامی حوكمدانە پێشوەختەكانمانە، هەروەها بەرئەنجامی خەمساردی و كەلەرەقیەكانمانە. ئێمە خۆمان، سەرچاوەی نەزانی خۆمانین.

به گوێرەی ئەمە ئێمە دابەش بووین بەسەر دووبەشدا: بەشی مرۆیی كە بریتیە لە خۆمان، سەرچاوەی بیروبڕواكانمان كە دەشێ هەڵەبن(oloxa)، هەڵەكان و نەزانینەكانمان، بەشی سەرومرۆیی كە بریتیە لە هەستەكان یان هۆشیاری(شعرو)مان، سەرچاوەی تێگەیشتنی (زانین)ی ڕاستەقینەی مرۆڤ (episteme)، كە دەسەڵاتی شێوە خواوەندی بەسەرماندا دەسەپێنێت.بەڵام مەسەلەیەك دێتە ئاراوە. لە ڕاستیدا ئێمە دەزانین فیزیای دیكارت، كە لە چەندین ڕووەوە نائاساییە، لە بنچینەدا هەڵە بوو، لە

خەیاڵاتێكەوە سەرچاوەی گرتبوو كە بە بڕوای دیكارت ڕوون و ئاشكرا بوون، هەر بۆیە وەك پێویست ڕاستی لەخۆ دەگرت ، بەڵام بیرمەندانی سەردەمانی كۆن تەنانەت بەر لە پارامینیدسیش لەوە ئاگادار بوون كە نابێ لە هەستەكان، وەك سەرچاوەی زانین بێ‌خەمبین:بۆ وێنە گزنفۆن و هیاكلیت، و بە دڵنیایەوە دیموكریتیش لەوە بەئاگابوون.

سەیرە، ئەزموون گەراكانی ئەمڕۆ، بۆ وێنە ڕوواڵەت خوازان (فینۆمینالیستەكان)و پۆزیتیڤیزمەكان هیچ گوێیان نەداوەتە ئەم ڕێنوێنیانەو لە زۆربەی ئەو مەسەلانەی هێناویانەتە گۆڕێ، هەروەها ئەو ڕێگاچارانەی كە پیشانیانداوە. ئاماژەیان پێ نەكردووە، هۆكاری ئەم مەسەلەیە ئەوەیە كە ئەم بیرمەندانە لەو بڕوایەدان كە هەستەكانمان هەڵە ناكەن بەڵكو ئەوە(ئێمە خۆمان)ین، كە كاتێك ئەوەی كە هەستەكان بە ئێمەیان (داوە) لێكی دەدەینەوە بە هەڵەدا ئەچین. هەستەكانمان حەقیقەت دەڵێن. بەڵام ئێمە، كە دەمانەوێ لە قسەو باسدا ئەمەی كە هەستەكان پێمان دەڵێن بیڵێینەوە – زمانی دەستكرد، كە

www.pertwk.com

دروستکراوی مرۆڤەو نارۆشنە- تووشی هەڵەدەبین. دەربڕینی ئێمە لە ڕێگای زمانەوە، هەڵەکارە چونکە دەتوانێ تێکەڵ بە حوکمدانە پێشوەختەکان بێت.

بەم جۆرە دەکرێ هەڵە زمانی مرۆیی ئێمە بگرێتەوە، بەڵام هەروەك بینیمان، زمان بە ئێمە(دراوە) بەڵام ئەوەش ڕۆشنەکە زاناییو ئەزموونەکانی چەندین وەچەیی لە هەناودایەو، نابێ ئێمە ئەگەری ناکارامەیی خۆمان لە کەڵك وەرگرتنی دروست لە زمان بخەینە ئەستۆی زمانەوە. بە پێی ئەمە زمانیش، بۆتە سەرچاوەیەکی دەسەڵات و لە بەر ئەوەی حەقیقەتە ناتوانێ ئێمە فریو بدات. ئەگەر هانبدرێن و زمان بە هەند وەرنەگرین، ئێمە خۆمان هۆکاری ئەو گیروگرفتانە دەبین کە بۆمان دێنە پێش. چونکە زمان، خوایەکی چاوچنۆکە، هەر کەسێك بە هەندی وەرنەگرێ بێ سزای ناهێڵێتەوە بەڵکو بە قووڵایی تاریکییەکان و سەرلێشێواویەکاندا دەیباتە خوارەوە.

لەبەر ئەوەی ئێمە خۆمان و زمانەکەشمان(یان کەڵك لێوەرگرتنی نادروستی زمان لەلایەن ئێمەوە) ئەم

بەرپرسیارێتیەمان لەسەر شانە، ئەوا پێگەی دەسەڵاتێکی خواوەندئاسا بۆ هەستەکان(تەنانەت بۆ خودی زمانیش) دەبێتە شتێکی شیاو، بەڵام ئەم کارە تەنیا بەنرخی زۆرتر بوونی مەودای نێوان دەسەڵات و خودی ئێمە، نێوان دەسەڵاتی ناسینێك(تێگەیشتنێك) کە سەرچاوە پاکەکان، لە حەقیقەتی ژنە خواوەندی سروشتەوە پێیمانی دەداو لەگەڵ خودی ئێمە کە ناپاکانێکی تاوانبارین، نێوان خواوەندو مرۆڤ بە ئەنجام دەگات. هەر وەك ئاماژەم پێدا بیرۆکەی ڕاستبوونی سروشت، کەمن لە بیکۆندا بینیومە، لە یۆنانیەکانەوە هاتووە، بەشێکە لە دژایەتی نێوان سروشت و ڕێکەوتنامەی مرۆیی کە، ئەگەر ووتەی ئەفلاتوونمان بەلاوە پەسەند بێت، سەرچاوەکەی (پیندرای)[1] یەو، دەتوانرێ لەلای پارمێنیدسیش ببیندرێ و ئەو خۆشی وەك بڕێك لە سۆفیستەکان (وەك هیپیۆس)[2] و تاڕادەیەك خودی

---

[1] Pindare (488 – 518 بەر لە زایین)، شاعیری یۆنانی، وەرگێڕی فارسی.

[2] Hippias (سەدەی پێنجی بەر لە زایین)، فەیلەسووفی سۆفیستی یۆنانی، وەرگێڕی فارسی.

www.pertwk.com

ئەفلاتوون، بە لێكدژی نێوان حەقیقەتی ئیلاهیو ناراست، بۆ وێنە هەڵەی مرۆڤی، دەشوبهێنێ. پاش بێكۆن و، لە ژێر كاریگەری ئەودا، ئەم خەیاڵە كە سروشت تایبەتمەندیەتی خواوەندی هەیەو، حەقیقەتەو، هەروەها ئەو بیركردنەوەش كە سەرچاوەی هەر چەشنە هەڵەیەكو هەرچەشنە ناراستیەك، تایبەتمەندی فریودەرانەی رێككەوتننامە مرۆییەكانە، نەك تەنیا لە مێژووی فەلسەفەو زانست و بیری سیاسیدا، بەڵكو لە مێژووی هونەرە بینراوەكانیشدا[3] هەمیشە رۆڵێكی یەكلاكەرەوەی گێڕاوە. بۆ نموونە لەو روانگە زۆر سەرنج ڕاكێشانەی كە كۆنستابێل[4] سەبارەت بە سروشت، حەقیقەت، حوكمدانە پێشوەختەكان و، رێككەوتننامەكان، دەریبڕیوەو گامبرێچ[5] لە كتیبی هونەرو

[3]. visuelle

[4] John constable (1776 – 1837) وێنەكێشی ئینگلیزی، وەرگێڕی فارسی.

[5] Ernst hons Gombrich (–1909)، مێژوو نووسی هونەر، بەریتانیاییەكی بە ڕەچەڵەك نەمساییە، وەرگێڕێ فارسی.

تەوەهومی[6] خۆیدا باسیكردووە، ئەم فیكرە دەبینرێ. هەروەها ئەم فكرە كاریگەری لە مێژووی ئەدەبیات و تەنانەت لە مێژووی مۆسیقاشدا هەبووە.

(12)

ئایا دەكرێ ئەم بۆ چوونە سەرسوڕهێنەرە كە بەیارمەتی لێكۆڵینەوەی سەرچاوەكانی –واتە گەڕان بە دوای سەرچاوەكانی–دەربڕینێكدا حەقیقەتی ئەو دەربڕینە ئاشكرا دەبێ، بە شك و گومانێك بزانین كە دەكرێ نەمێنن؟ یان ناچارین كە بە سەرنجدان لەو تێبینیانەی كە پەیوەندیان بە بیروبڕوا ئاینیەكان یان دەروونناسیەكانەوە هەیە، وەك كاریگەری دەسەڵاتی دایك و باوك، لێی

[6]. Cf. Notamment, dans Louvrage cite (E. H. Gombrich. L'Art et L' I llusion, Paris, Gallimard, 1971, trad, G.Durand), Les Premier et dernier chapitres.(یاداشتی وەرگێڕی فەرەنسی)

www.pertwk.com

بکۆڵینەوە؟ من پێموایە لەم بوارەدا هەڵەیەکی لۆژیکی لە ئارادایە کە لە وێك چوونێکی زۆری نێوان واتای وشەکان، دەستەواژەکان، یان ئەو چەمکانەی کە بە کاریان دێنین، لەگەڵ حەقیقەتی راپۆرتەکان یان ئەو رستانەی کە دایاندەرێژین، سەرچاوە دەگرێ، (سەیری خشتەی لاپەڕەی 59ی ئەم کتێبە بکەن[1]).

زۆر ئاشکرایە لەنێوان واتای ئەو وشانەی کە کەڵکیان لێوەردەگرین و مێژووەکانیان پەیوەندییەك هەیە. لە روانگەی لۆژیکیەوە، دەستەواژە، هێمایەکە کە لەسەری رێککەوتوون و، لەروانگەی دەروونناسییەوە هێمایەکە کە واتاکەی بەهۆی بەکارهێنان، نەریت، یان پەیوەندییە

[1] ئەم خشتەیەی، کە بۆ یەکەم جار لێرەدا بەکارهاتووە، پۆپەر لە شوێنە جۆرو جۆرەکاندا بەکاریهێناوە، بە تایبەتی لە کتێبی:
objiective Knowledge An Evo lutionary Approach. Oxford clarendon Press 1972 PP.124 et 310.
هەروەها لە کتێبی بەدواداگەڕانێکی ناتەواویشدا بەکاریهێناوە
La Quete inachevee, paris, calmann. Lovy, 1981 (trad. M. Bouin- Nudin et R. Bou- ver- esse), P. 36

گشتیەکانەوە چەسپاوە. لە بواری لۆژیکیەوە، واتای وشە، بەمەبەستێکی لە پێشداو، لەگەڵ یەکەمین پۆلێن یان پەیماندا، لەگەڵ جۆرێك پەیمانی کۆمەڵایەتی سەرەتاییدا دیاریکراوە. دەکرێ بڵێین کە لە ڕووی دەروونناسییەوە مانا کاتێك دەچەسپێ کە مرۆڤ بۆ یەکەم جار بەکارهێنانی وشە فێر دەبێ، ئەو کاتەی کە نەریت و پەیوەندییە زمانییەکان دروستدەبن، کەواتە قوتابییە کەمتەمەنە بەریتانیەکان لەلایەنێکەوە هەقیانە گلەیی لە نائاسایی بوونی زمانی فەرەنسی دەکەن و دەڵێن لەو زمانەدا بەنان (Bread) دەوترێ: (پایین) (pein)کە بە ئینگلیزی یانی(ئازار)و لە کاتێکدا کە زمانی ئینگلیزی لە روانگەی ئەوانەوە زۆر سروشتیو ئاساییە چونکە لەم زمانەدا بەنان دەڵێن (نان)و بە ئازار (ئازار). هەڵبەت قوتابییە ئینگلیزیی زمانەکان دەتوانن زۆر باش درك بە ڕۆڵی رێککەوتن لە بەکارهێنانی وشەکان بکەن، بەڵام وەك دەڵێن نیگەرانی ئەوان لەو ڕووەوەیە کە بۆ دەبێ ئەو پەیمانە سەرەتاییانە (سەرەتایی لە روانگەی ئەوانەوە) بۆ هەموان زۆرەملێ نەبێ. هەڵەی ئەوان لەوەدایە

www.pertwk.com

كە تێناگەن ڕەنگە بڕیارنامە سەرەتاییەكان هەمە جۆرو هەمووشیان وەك یەك پێویستبن. بەڵام كێ هەیە كە لانی كەم بەشێوەیەكی لابەلا تووشی ئەم جۆرە هەڵانە نەبووبێت؟ ئایا ئێمە زۆربەمان كاتێك دەبینین لە فەرەنسادا تەنانەت منداڵەكانیش بە ئاسانی بەزمانی فەرەنسی قسە دەكەن ڕاناچەنیین؟ بە دڵنیاییەوە پێكەنیمان بە گێلیەتی خۆمان دێت. بەڵام هەرگیز بیر لە پاسەوانێك ناكەینەوە كە پێكەنینیدێ بەوەی كە تیدەگات ناوی ڕاستی سامۆئێل جۆنز لە ڕاستیدا جۆن ئیسمیتەو، لە كاتێكدا كە لە م بوارەدا پاشماوەیەك لەو بڕوا جادوویە لە ئارادایە كە هەركات ناوی ڕاستی خواوەند یان دەرونی مردوویەكمان زانی بەسەرییدا زاڵ دەبین: بە ووتنی ناوی ئەو دەسەڵاتە خواییە دەتوانین دەستەوداوێنی بین و داوای لێبكەین پشتیوانمان بێت.

هەمووان وا بیردەكەنەوە كە واتای (حەقیقی) یان واتای (تایبەتی) وشەیەك یەكەم واتای ئەو وشەیەیە. هەر بۆیە دەكرێ لە بواری لۆژیكیشەوە بیسەلمێنین. ئێمە لە واتایەك تێدەگەین چونكە بە دروستی فێری بووین – لەسەرچاوەیەكی باوەڕپێكراوەوە (دەسەڵاتێك)، لە كەسێكەوە كە لە زمان شارەزایە– فێری بووین، ئەمە دەری دەخا كە بە دڵنیاییەوە مەسەلەی واتای وشەكان پەیوەندی بەمەسەلەی سەرچاوەكانی دەسەڵات و، یان مەسەلەی سەرچاوە كار كردیەكانەوە هەیە كە ئێمە لەگەڵیدا هاو ئاهەنگین.

دەشێ لەسەر حەقیقەتی دەربڕینێ یان ڕستەیەك مەسەلەكە بەم جۆرە نەبێت. لە ڕاستیدا لەهەموو كەس ڕوودەدات، تەنانەت لەو مەسەلانەدا كە وەك باوە و دەبێ حوكمدانەكەی جێگای بڕوابێت، وەك ووتی تەمەنەكەی خۆی، یان دیاریكردنی شتێك كە هەر ئێستا بەڕوون و ئاشكرایی بینیوویەتی، هەڵە بكات. ڕەنگە بنچینەی دەربڕینێك لە كاتی داڕشتنیدا تەواو ناراست بێت بەڵام هەر لەو سەرەتایەوە بە دروست بزانرێ، بە پێچەوانەوە، ئەگەر بەدروستی وشەیەك تێبگەیەندرێ، وەك پێویست مانای تایبەتی خۆی هەیە.بەم پێیە ئەگەر لەمەڕ شێوەی سپاردنی واتای وشەكانو، حەقیقەتی دەربڕینەكان

www.pertwk.com

بەسەرچاوەکانیانو، سەبارەت بە دژایەتی نێوان ئەم دوو پرۆسەیە رامێنین ئیتر وا بیرناکەینەوە کە ڕەنگە مەسەلەی بنەماو سەرچاوە کاریگەریەکی گرنگی لەسەر مەسەلەی ناسین یان حەقیقەت هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا، واتاو راستی (حەقیقەت) زۆر وەك یەك وان، و چەمکێکی فەلسەفی هەیە- من (گەوهەرگەرایی)[2] پێی دەڵێم- کە دەیەوێ واتاو راستی وەها توند پێکەوە گرێ بدات کە ئیتر نەتوانرێ ئەم دوو توخمە چونیەك نەزانرێت. بۆ ئەوەی کورت و پوخت کێشەو گیروگرفتەکان روونکەینەوە، سەرلەنوێ دەگەڕێینەوە بۆ

[2] پۆپەر پێشترو لە هەموو بەهەرمەکانیدا ئەم دەستەواژەیەی (essentialisme) بەکارهێناوە، بەڵام وادیارە دەبێ دوهێم (Duhen) بە داهێنەری ئەم وشەیە بزانین کە ئەو وشەیەی لە کتێبێکی خۆیدا بەناوی(systeme du monde)(نیزامی جیهان)، بۆ وەسفکردنی قوتابخانەی سکۆتی(قوتابخانەی فەلسەفی Duns scot، زانای خواناسی سکۆتلەندی) فرانس ڤۆن مایرۆنی (Meyroni Franz von کە لە ساڵی 1329 زایینیدا کۆچیکردووە) و نیکۆلاس بۆنت(Bonet nicolas کۆچکردوو لە ساڵی 1360 زایینییدا) ئەم وشەیەی بەکارهێناوە،(پییر دوهێم خۆی فەیلەسوفێکی فەرەنسییە (1861 – 1916) کە بلاوکەرەوەی ئەبستمۆلۆژی لەسەر بنەمای مێژووی زانستەکان بووە – وەرگێڕی فارسی).

خشتەی ئەندێشەکان، لەگەڵ ئەوەدا کە پەیوەندی نێوان دوو ریزەکەش لە بیر ناکەین.

پەیوەندی دووبەشی خشتەکە لەگەڵ یەکدا چۆنە؟ لە ستوونی چەپدا "پێناسەکان" دەبینین. بەلأم پێناسە، جۆرە دەربڕین، حوکمدان، یان ڕستەیەکە، هەر بۆیە لە جۆری هەمان ئەو توخمانەیە کە لە ستوونی ڕاستدا دەبیندرێ. هەڵبەت ئەم بابەتە رەوشی لێك نزیکی خشتە داڕێژراوەکە تێك نادات چونکە خودی بازنەی کرداری جیابوونەوەکانیش خۆی لە چوارچێوەی جۆرە توخمگەلێك-دەربڕینەکان و ، هتد دا- لە ستونێکدا، باسکراوە کە جیابوونەوەکانی تیدایە. هەر بەو شێوەیەی کە زۆرتر پێناسە کردنێك بە یارمەتی تێکەڵاوی وشەگەلێك بە ناوەرۆکی تایبەتەوە بەیان دەکرێ هەتا بە وشەیەك، هەر جیا بوونەوەیەکیش بە جۆرێکی تایبەتی لە تێکەڵاوی دەربڕینەکان دا دەرێژرێ نەك بە دەربڕینێك.و رەوشی دەربڕینی ئاسایی پێناسە باسکراوەکان لە ستوونی چەپدا پیشانی دەدا کە ئەم پێناسەکردنانە بە جۆرێك لە جۆرەکانی دەتوانێ پەیوەندیدەری نێوان دوو ستوونی خشتەکە بێت.

www.pertwk.com

ئەندێشەکان بەواتای

دەربڕینەکان   هێماکان

رستەکان   عیبارەتەکان (دەستەواژەکان)

یان تیۆریەکان   یان چەمکەکان

دەتوانن بە شێوەی

پەسەنکردنەکان   وشەکان

بوترێن بە گریمانەی

راست بوون   مانادار بوونیان

و

حەقیقەتی   واتای

دەشێ ئەوان بە یارمەتی

جیابوونەوەکان (موشتەقاتەکان)   پێناسەکان

بە

بەڕستە گەلێکی سەرەتایی   چەمکگەلێکی ناڕۆشن

کۆتایی بێت

ئەگەر بمانەوێ بەم جۆرە (زوتر لەوەی کەلەڕێگای نەهێشتن و کەم کردنەوە مەیسەرە)

حەقیقەتێك   واتایەك

بۆ ئەوان دیاری بکەین

بەدوادا چوون یان گەڕانەوە بۆ دواوە کۆتایی نایات

ئەو ڕێبازە فەلسەفیەی کە من ناوم ناوە (گەوهەرگەرایی) سەلمێنەری رۆڵی پێناسەکانە، لە راستیدا بەپێی ئەم تیۆرەیە بەتایبەتی گێڕانەوە ئەرەستۆییەکەی) هەر پێناسەیەك، دەربڕی جەوهەر یان ناوەرۆکی شتێکە، بەڵام هەر لەو کاتەدا واتای وشەیەکیش– کەناوەکەی جەوهەرە– دیاری دەکا. (لەروانگەی دیکارت و کانتیشەوە (جەستە پیشاندەری شتێکە کە پانتایی، جەوهەری ئەو شتەیە).

ئا لەو کاتەدا ئەرەستۆ وەك فەیلەسوفە گەوهەرگەراکانی تر لەو بڕوایە دا بوو کەپێناسەکردنەکان بریتین لە ((بنەماکان)) واتە بریتین لەو ڕستە سەرەتاییانەی (وەك ڕستەی: (تەواوی جەستەکان پانتایین) کە لە رستەکانی دیکەوە وەرنەگیراوە سەرجەمی یان بەشێکی ماهیەتی تەواوی بەڵگەهێنانەوەکان پێکدەهێنێ، هەر بۆیە بناغەی تەواوی زانستەکان و، پێناسەکردنەکانە. بێگومان دەبێ ئەوەمان بیر نەچێ کە هەر چەندە دوایین ڕەگەزی ئەم تیۆرە،

www.pertwk.com

یەکێکە لە بەشە گرنگەکانی بنەماکانی گەوهەرگەرایی، پشتی بەهیچ جەوهەرێك نەبەستووە. ئەمە دەری دەخا کە فۆمینالیستەکانی نەیاری تیۆری ماهیەتەگەرایی وەك هۆبز[3]، یان شلیك[4]، توانیویانە ئەم تیۆرەیە پەسەند بکەن.

وا دیارە ئێستا دەتوانین بەرۆشنی لۆژیکی دەروونی چەمکێك بەتەواوی روونکەینەوە کەمەسەلە پەیوەندیدارەکان بە بنەماو سەرچاوە بۆ چارەسەری کێشەکانی پەیوەندیدار بە حەقیقەتی جێکەوتوو(واقع) دەزانێ. لە ڕاستیدا ئەگەر بنەماو سەرچاوەیەکی تاقانە بتوانێ واتای راستەقینەی وشە یان دەستەواژەیەك دیاریبکات دەتوانێ پێناسەی راستەقینەی چەمکێکی گرنگیش دەستەبەر بکات، هەر بۆیە لانی کەم بەشێك لە (بنەماکان) کە پێناسەی ماهیەت یان ناوەرۆکی شتەکان و،

[3] Hobbes Thomas (1588 – 1679) ، فەیلەسوفی ئینگلیزی، وەرگێڕی فارسی.

[4] moritz schlick (1882 – 1936)، لۆژیکزانی ئەڵمانی لە قوتابخانەی (neo positivisme)، وەرگێڕی فارسی.

بەو پێیەش بناغەی بەڵگەهێنانەوەکان و، لە ئەنجامدا ناسینی زانستیانەی ئێمەیە، دیاری بکات. سەرئەنجام ئەوەی کەچەند سەرچاوە یەکی ناسین بوونیان هەیە کە جێگای بڕوان.

بەڵام دەبێ بەباشی لەو خاڵە تێبگەین کە ئەگەر چەمکی جەوهەرگەرایی، پێدا گری ئەوە بێت کە پێناسەکان دەتوانن ناسینی زانسیانەی ئێمە زیاد بکەن هەڵەیە (تەنانەت ئەگەر ناسینی زانستیانە بتوانێ کاریگەری لەسەر جەوهەر گەرایی هەبێ، لەو رووەوەکە هەردووکیان بە بڕیارەکانەوە وا بەستەن و، تەنانەت ئەگەر پێناسەکان ببنە ئامرازێك و بتوانن کاریگەری لەسەر شکڵگرتنی تیۆرەکان و لە ئاکامدا لەسەر گۆڕانکاری ناسینی ئێمە، دابێن). هەر کات لەوە تێبگەین کە هەرگیز پۆلێنکردنەکان نابنە هۆی ناسینی راستەقینەی (سروشتی شتەکان) خاڵی لاوازی ئەو پەیوەندیە لۆژیکیەش کە گروپێك لە فەیلەسوفە جەوهەرگەراکان هەوڵیانداوە لە نێوان مەسەلەی سەرچاوەو مەسەلەی حەقیقەتی جێکەوتوو (واقع)دا پێکبهێنن، بۆ دەردەکەوێ.

www.pertwk.com

(13)

ئێستا ئیتر واز لە تێڕامانە مێژووییەکان دێنین و سەرقاڵی مەسەلەو ڕێگاچارەکانیان دەبین.

ئەم بەشەی قسەکانمان رەخنەیە لە ئەزموونگەریی کە بۆ نموونە، هیوم بە شێوەی کلاسیك بەم جۆرەی باسی دەکات: ((ئەگەر لێت بپرسم بۆچی بڕوات بە مەسەلەیەکە[..]دەبێ بەڵگەم بۆ بهێنیتەوە، ئەم بەڵگەیەش مەسەلەیەك دەبێ کە پەیوەندی بەمەسەلەی یەکەمەوە هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ناتوانی لەڕادەیخۆی زیاتر[1] درێژە بەم کارە بدەی، سەرەنجام دەبێ پشت بە هەستەکانت یان بە مەسەلەیەك ببەستی کە لە بیرەوەریتدایە، ئەگینا بڕواکانتان تەواو بێ بناغەن[2]))..

---

[1]. in infinitum

[2]. Enquetes sur L'entendement humain ,Paris, Aubier, 1977, (trad, A. Leroy), section V, Premiere partie. P. 92; cf. Egalement l'exergue emprunte a la section VII, deuxieme partie, pp. 108 - 109.

بە گشتی گرفتی ئیعتباری ئەزموونگەرایی دەکرێ بەم جۆرە ریزبەندی بکرێ: ئایا بینین، دوایین سەرچاوەی زانایی ئێمەیە سەبارەت بە سروشت؟ ئەگەر وەڵامەکەی نیگەتیڤە، ئەی سەرچاوەکانی زانینی ئێمە چین؟

لە راستیدا بەدەر لەو شتانەی کە ئاماژەم پێکردن و، تەنانەت لە حاڵەتێکدا کە لێکدانەوەکانی من لە بواری بڕێك لە خاڵەکانی فەلسەفەی بێکۆن توانیبێتی تا ڕادەیەك(لایەنگرانی ئەم فەلسەفەو، هەروەها بیرمەندانی تری ئەزمونگەرا لەو خاڵانە بگێڕێتەوە، واش ئەو مەسەلانە هەروا لە ئارادایە.

پێش ئێستا، گرفتی سەرچاوەی ناسین، بەم شێوەیە بەیاندەکرا: کاتێك ئێمە حەقیقەتی شتێك دەسەلمێنین دەبێ بۆ سەلماندنەکەمان بەڵگەمان هەبێ، هەروەها دەبێ وەڵامی پرسیارگەلێکی لەم چەشنەش بدەینەوە:

(لە کوێوە ئەم مەسەلەیە دەزانی؟ ئەو سەرچاوانە کامانەن پشتگیری ئەم مەسەلەیە دەکەن؟) وەها پرسیارگەلێك لە روانگەی ئەزموونگەرانەکانەوە وەك ئەوەیە

بپرسین: (بنەمای لافلێدانەکەتان کام روانینانەن (یا چ روانین گەلێك بەبیری دێننەوە) ؟)و بەڵام بەبڕوای من ئەم پرسیارە یەك لەدوای یەكانە قەناعەتپێكەر نین.

سەرەتا ئەوەی کە لاف وگەزافەکانمان، زۆرتر لەسەر بینین دانەمەزراون بەڵکو سەرچاوەگەلێکی جۆراو جۆری دیکە بناغەی ئەوانن، مەسەلەی "لە کوێوە دەزانی" ڕەنگە چەندین وەڵامی رۆشنی، وەك((لە ئینسایكلۆپیدیای بەریتانی‌دا خوێندومەتەوە))ی هەبێ نەك وەڵامگەلێكی وەك "بینوومە" یان "چونكە ساڵی پار بینیومە كەواتە دەیزانم..)).

ئەزموونگەرا وەڵام دەداتەوە:

(بەڵام بەبڕوای ئێوە، گۆڤاری تایمز یان ئینسكلۆ پیدیای بەریتانی ئەم زانیاریەی لە کوێوە هێناوە؟) بێگومان ئەگەر باش وورد ببینەوە دەگەینە بینینە یەکلاکەرەوەکانی ئەو شایەتانەی بەچاوی خۆیان دیویانە(ئەو بینینە حاشاهەڵنەگرانەی کە هەندێك جار "دەربڕینە بڕیارییەکان" یان بە گوێرەی وشەناسی ئێوە بە(دەربڕینە بناغەییەکان)

ناوی دەبەن، بەدڵنیاییەوە ئەزموونگەرا بەم جۆرە درێژەی پێدەدا کە بەشێکی زۆری هەر کتێبێك لە بەرهەمەکانی دیکەوە وەرگیراوە، بۆ نموونە هەر مێژوونووسێکیش سەروکاری لەگەڵ بەڵگەنامەیەکدا هەیە، بەڵام سەرئەنجام شیعری لێبەدەر بێت، سەرچاوەی کتێبەکان یان بەڵگەنامەکانیش لەسەرەتاوە ئەو بینانەن کە نووسراونەتەوە، خەون و خەیاڵ و تێکەڵەیەك لە قسەپووچەکان دەبن نەك شایەتی. بەم واتایەیە کە ئێمەی ئەزموونگەرا دەڵێین بەپێی پێویست بینین دوایین سەرچاوەی زانینە).

بەرگری کردن لە ئەزموونگەرایی بەم جۆرە ،کە کۆمەڵێك لە دۆست و ناسیاوەکانم لە قوتابخانەی پۆزیتیڤیستی هەروا ڕێزی لێدەگرن.

تێدەکۆشم ئەوە دەربخەم کە ئەم تیۆرەش ئیعتیبارێکی زۆر تری لە تیۆرەکەی بێکۆن نیەو، ڕێگاچارەی مەسەلەی سەرچاوەکانی ناسین، وەڵامی ئەزموونگەرایانە نیەو لە ئەنجامدا ئەم جۆرە هێنانە گۆڕی مەسەلەکە، واتە لە ڕێگای

www.pertwk.com

دوایین سەرچاوەکان، – ئەو سەرچاوانەی کە ئیعتیبارەکەیان وەك حوکمێکی دادوەری یان رای سەرچاوەی دەسەلاتێکی بالاترە وە وەك بەلگە بهێنرێتەوە – دەبێ رەت بکرێتەوە، چونکە پشتی بەهەلە بەستووە. سەرەتا پیشانیدەدەم کە ئەگەر ئێمە درێژە بەم توێژینەوەیە بدەین و سەرچاوەکانی زانیاری گۆڤاری تایمزو نوێنەرەکانیان لەوان بپرسین، هەرگیز بەکردەوە ناگەینە شایەتی شاهیدعەیانەکان، کە جێگای پەسەندی ئەزموونگەراکانە. بە پێچەوانەوە دەبینین کە ناچارین لە هەر قۆناغێکدا هەروا درێژە بە لێکۆلینەوەکە بدەین. بە دەربڕینێکی دیکە ئەمە حالەتی تۆپەلە بەفرێك(کە هەر ساتەو گەورەترو گەورەتر دەبێ) بە خۆوە دەگرێ و مەسەلەکە ئالۆزتر دەبێ.

بۆ نموونە با مەسەلەیەك لەبەرچاو بگرین کە مرۆڤ بە شێوەیەکی لۆژیکیانە بەوەلامی(لە تایمزدا خوێندوومەتەوەقبوولی دەکات: ئەویش ئەوەی کە (سەرۆك وەزیر دەیەوێ گەڕانەوەکەی چەند رۆژ پێش خات.)) با

ساتێك بیر لەوە بکەینەوە کە کەسێك ئەم هەوالە بخاتە ژێر پرسیارەوە، یان بەمەبەستی توێژینەوەیەکی تایبەت، وا هەست بکات پێویستە خۆی لەراستی هەوالەکە بکۆلێنەوە. لەم حالەتەدا دەبێ چی بکات؟ ئەگەر ئەم کەسە لە خانووی ژمارە 10ی شەقامی داونینگ (شوێنی سەرۆك وەزیرانی ئینگلیز)دا دۆستێکی هەبێ، باشترین و ئاسانترین رێگا ئەوەیە کە تەلەفۆن بکات بۆ دۆستەکەی و راستی هەوالەکەی لێی بپرسێت هەتا لێکۆلینەوەکەی بە ئەنجام بگات.

بەدەربڕینێکی تر، ئەم لێکۆلیارە هەولئەدا لە جیاتی ئەوەی سەرچاوەی هەوالەکەی دەستکەوێ، چەند بۆی بکرێ خۆی لە مەسەلەکە بکۆلێتەوە. بەلام لە ڕوانگەی ئەزموونگەراییە وە ڕستەی(لە تایمزدا خوێندوومەتەوە) قۆناغی یەکەمی پرۆسەی پاساودەرە بۆ گەیشتن بە دوایین سەرچاوە. کەواتە قۆناغی دوایی کامەیە؟

لانی کەم دوو شت ئیمکانی هەیە. یەکێکیان ئەوەی کە وای دابنێین رستەی(لە تایمزدا خوێندومەتەوە))و پڕوپاگەندەیەکە بزانین و بپرسین(چۆن ئەزانی لە تایمزدا

www.pertwk.com

خوێندوتەتەوە نەك لە ڕۆژنامەیەكی تری وەك ئەودا؟)
دووهەمیان ئەوەی كە سەرچاوەكانی ئەو هەواڵە لە تایمز بپرسین، ڕەنگە وەڵامی پرسیاری یەكەم بەم شێوە بێت:((تایمز تەنیا ڕۆژنامەیەكە بۆ مان دێ و سەر لە بەیانی هەموو ڕۆژێك بەدەستمان دەگات)) كە ئەم پرسیارە خۆی، لەسەر سەرچاوەكانی هەواڵ زنجیرە پرسیارێك دێنێتە ئاراوەو هەربۆیە لەوە زیاتر ناچینە پێش. ڕەنگە بەڕێوەبەری تایمز پرسیاری دووهەم بەم جۆرە وەڵامبداتەوە: (لە نووسینگەی سەرۆك وەزیرەوە تەلەفۆنیان بۆ كردین) بە بڕوای ئەزموونگەراكان، لەم قۆناغەدا بە پێی نەریت دەبێ بپرسین: ((كێ هەواڵەكەی وەرگرت؟))و پاشان سەبارەت بە ووردەكارییەكانی داوای ڕوونكردنەوە بكرێ. بەڵام لە هەمانكاتدا دەبێ بپرسین: ((لە كوێ ئەزانی ئەو دەنگەی كە بیستراوە بەڕاستی دەنگی یەكێك لە بەرپرسانی نوسینگەی سەرۆك وەزیران بووە؟))و هتد..

بەدڵنیاییەوە ئەم زنجیرە پرسیارە وەڕزكەرانەیە ئەنجامێكی دڵخۆشكەری لێناكەوێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆ

زۆر سادەیەیە كە: بەپێی نەریتی باو، ناسینێك كە بەڵگەی لە كەسەكان، شوێنەكان، شتەكان، شێوازەكانی قسەكردن، پەیمانە كۆمەڵایەتیەكانو هەتا دوایی هەیە، ڕۆڵێكی گرنگ بگێڕێ. شایەت ناتوانی تەنیا بەدەربڕینی هەست پێكراوەكانی خۆی، شتە بینراوو بیستراوەكان، قەناعەت بكات، بەتایبەتی ئەگەر بەڵێن وابێ ئەم ناسینە بۆ پاساوی ئیدیعایەك كەڵكی لێوەردەگیرێ كە وەك پێویست دەكا دەبێ قابیلی قبوڵ بێت. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو كات چەندین پرسیاری نوێ لەسەر سەرچاوەكانی پێگەكانی ناسین دێتە پێش كە ئاكامی ڕاستەوخۆی بینین نیە.

لەبەر ئەم هۆیە كاركردی بەرنامەیەك لەسەر بناغەی سپاردنی ناسین بە دوایین سەرچاوەكەی، كە گوایا لە بینین دایە، دەرخەری مەحاڵێكی لۆژیكیە: ئەم مەحاڵەش بە دواداڕۆشتنی ئەو زنجیرەیە تائەوپەڕی كۆتایی(ئامانج لە بنەمای تایبەتمەندی ڕۆشنی حەقیقەت بەتایبەت ئەوەیە ئەم شوێنكەوتنە لە جێیەكدا كۆتایی بێت، كارێك كە بۆ بەیانكردنی ئەو پێشوازیەی لەم تیۆرە كراوە، بێ كەڵك نیە.

www.pertwk.com

هەروەها ئێستا پیشانیدەدەم کە ئەم ئەنجامگیریانە پەیوەندی بە چەندین بەڵگەوە هەیە کە دەیسەلمێنن: یان هەموو بینینێك پەیوەندی بە لێکدانەوەیەکەوە هەیە کە بەرهەمی رووناکی تیشکی زانایی تیۆریە[3]،یان زانایی سەرچاوەگرتوو لە روانینە ئەبستراکتەکان و دابڕاو لە تیۆرەکان – گرێمان زاناییەکی لەو چەشنە هەبێ– تەواو نەزۆك و بێ کەڵکە.

لە پرۆگرامی قوتابخانەی رەسەنایەتی بینیندا، کە بەردەوام بەدوای دۆزینەوەی سەرچاوەکانی ناسینەوەیە، جیا لە وەرزکەریەکەی، شتێك کە بەرچاوە ئەوەیە ئەم پرۆگرامە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ ئەقڵێکی تەندروستدا نایەتەوە. بە کردەوە هەرکات گومان لە ئیدیعایەك بکرێ مرۆڤ خۆی هەڵدەستێ بە تاقیکردنەوەی ئەو ئیدیعایەو کاری بە سەرچاوەکانی نیەو، ئەگەر توانی پشت راستی

3. CF. Ibid, section 24, dernier aliena, et le nouvel appendice; X.2.

کاتەوە ئەوا زۆرتر ئەو ئیدیعایە قبوڵ دەکا بەبێ ئەوەی هەرگیز دوای سەرچاوەکانی بکەوێ.

بێگومان لە هەندێ بواردا، مەسەلەکە بە شێوەیەکی ترە. واوەتر ڕۆیشتن تا سەرچاوەکان بۆ تاقیکردنەوەی ڕاپۆرتی مێژوویی پێویستیەکی هەمیشەیە، بەڵام نەك هەمیشییە، تا گەیشتن بە شایەتی ئەو شایەتانەی بە چاوی خۆیان دیویانە. روون و ئاشکرایە هیچ مێژوونووسێك بەبێ تاقیکردنەوەیەکی رەخنەییانە بەڵگەنامەکان قبوڵ ناکات. ئەم تاقیکردنەوەیەڕووبە رووی مەسەلەگەلێك دەبێتەوە کە پەیوەندی بە رەسەنایەتی بەڵگەنامەکان و روانگەکانەوە هەیەو، لەم نێوەدا گرفتی نۆژەنی سەرچاوە کۆنەکانیش دێتە ئاراوە. هەروەها چەندین پرسیاری وەك: ئایا نووسەر لە کاتی رووداوی رووداوەکەدا خۆی لەوێ بووە؟ ئەویش دێتە ئاراوە. بەڵام ئەم جۆرە پرسیارانە تەنها کاری ، مێژوو نووس نیە. ئەو دەیەوێ بزانێ کە ئایا دەکرێ متمانەمان بە پەیوەندییەك هەبێ یان نا. بەڵام کەمتر شتی وا روودەدات کە بپرسێ ئایا ڕێکخەری بەڵگە نامەکە خۆی، ئەو رووداوەی کە

www.pertwk.com

له ژێر لێکۆڵینەوەدایە– گریمان دەبینرا– بە چاو بینیویەتی یان نا. نامەیەك کە تیایدا نووسراوە(من دوێنێ رام لەسەر ئەم بابەتە گۆڕیوە) دەتوانێ بەڵگەیەکی جێگای بروا بێت کە بایەخێکی مێژوویی زۆر گەورەی هەبێ، هەرچەندە راگۆڕین شتێك نیە ببینرێ.(تەنانەت ئەگەر بەڵگە نامە گەلێکی دیکە ناچارمان کات ئەو گریمانەیە وەرگرین کە نووسەر درۆیکردوە).

بەڵام ئەو شایەتانەی بە چاوی خۆیان بینیویانە زۆربە جیا لە رەوتی دادوەری،کە لێپێچانەوەی بەرامبەری‌تیا بەڕێوەدەچێ،دەوریکی وانابینین.وەك زۆربەی پارێزەرەکان دەزانن کە زۆرجار شایەتە عەینیەکان بەهەڵەدا دەچن.سەبارەت بەم دیاردەیە لێکۆڵینەوەی ئەزموونگەرانەی زۆر بەرێوە چووە و دەرئەنجامی سەرسوڕهێنەری لێکەوتۆتەوە.تەنانەت ئەو شایەتانەی کە بۆ شیکاری رووداوێك بەهەمان شێوە کە رویداوە ئەوپەڕی وردبینی بەکار دێنن لەوانەیە تووشی هەڵەی زۆر بێن،بەتایبەت ئەگەر رووداوگەلێکی سەرنج راکێش،بەلەز و یەك لەدوای یەك روو

بدات و ئەگەر رووداوێك لێکدانەوەیێکی ختووکەدەرانە بخوازێ زۆرکات ناکرێ‌بەر بەوە بگیردرێ کە ئەم لێکدانەوەیە ئەو شتە نەگۆڕێ کە لە راستیدا بیندراوە.

هیوم روانگەیەکی دیکەی لەسەر زانایی(ناسینی) مێژوویی هەیە. ئەو لە کتێبەکەیدا دەنووسێ[4]: (ئێمە هەموومان بڕوامان بەوە هەیە کە قەیسەر رۆژی 15ی مانگی مارس لە ئەنجومەنی پیراندا کوژرا، چونکە تەواوی مێژوونووسان لەسەر کات و شوێنی ئەم رووداوە هاودەنگن و بەم شێوە شایەتییان داوە. چەندین پیت و وشە هەن کە لە یادەوەری و هەستی ئێمەدا جێ کەوتوون. ئێمە ئەم پیتانە وەك هێمای چەند ئەندێشەیەك وەبیر دەهێنینەوە، ئەم ئەندێشانەش یان لە مێشکی کەسانێکدا بووە کە رووداوەکەیان راستەوخۆ بینیوەو ئەندێشەکانیان راستەوخۆ لەوەوە دروست بووەو، یان لە شایەتیدانی کەسێکی ترەوە سەرچاوەی گرتووە و

[4]. Traite de la neture humaine, paris, Aubier, 1946 (trad. A. Leroyl), Livre I, troisieme partie, section IV, pp. 156-157.

www.pertwk.com

ئەویش لە شایەتی یەکێکی ترەوە، تا ئەو شوێنەی کە سەرئەنجام دەگەینە شاهیدانی عەینیو بینەرانی رووداوەکە[5].

وا دیارە بەم ئەندێشەیە جگە لەگەڕانەوەی بێ کۆتایی (وە دواکەوتنی ناکۆتا) کە پێشتر لە بارەیەوە دواین، بەهیچ کوێیەك ناگەین، چونکە بێگومان کێشەکە ئەوەیە کە بزانین ئایا دەبێ بە(گەواهیدانی یەکسانی مێژوونوسان) قایلبین یا بەهۆی ئەوەی کە تەواوی بەڵگەکانیان ئاکامی پشت بەستنێکی بەردەوامە بەسەرچاوەیەکی هاوبەشیو لە هەمانکاتدا هەڵەیە ڕەتکەینەوە پرۆسەی گەڕانەوە بۆ (ئەو پیتانەی کە لە بیرەوەریو هەستی ئێمەدا جێ کەوتوون) لەگەڵ ئەو مەسەلەیەی لێرەدا جێگای باسەو، هەروەها لەگەڵ ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە مێژوونووسینەوە هەیە، یەکناگرنەوە.

5. CF. Egalement l'Enquete, op . cit,section X, pp. 161 - sq

(14)

بەڵام سەرچاوەکانی زانایی مرۆڤ چین؟

بەبڕوای ئێمە وەڵامەکەی ئەمەیە: ئەم سەرچاوانە جۆراو جۆرن بەڵام هیچ کامیان سەرچاوەی جێگای بڕوا نین.

دەکرێ بڵێین کە پێدەچێ تایمز یان ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی سەرچاوەی زانیارین و دەکری قبوولمان بێت کە بڕێك لە ووتارەکانی گۆڤاری فیزیکاڵ ریڤیو[1]، لەبواری مەسەلە فیزیاییەکاندا ئیعتیبارێکی زۆرتریان هەیە، ئەگەر مەسەلەیەکی تایبەت لە ئارادابێ، دەکرێ لە تایمزو ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی زیاتر پشتیان پێببەستری. بەڵام زۆر هەڵەیە ئەگەر بڵێین کە حەتمەن سەرچاوەی ووتارەکەی فیزیکاڵ ریڤیوڵ، بینینێك(لانی کەم بەشێك لەو بینینە) بووە. سەرچاوەی ئەم گۆڤارە دەتوانێ لێکدژیەکی بەرچاو کە لە ووتارێکیتردا هەیەبخاتە ڕوو یان پیشانیبدات کەپێدەچێ ئەو گریمانەیەی لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا پێشنیار

1. Physical Review

www.pertwk.com

کراوە، لە ڕێگای ئەزموونەوە تاقیبکرێتەوە. ئەم دۆزینەوە هەمەچەشنانەش ، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە بینینەوە نیە، بەو واتایەی کە کارئاسانی دەکەن بۆ بەرزکردنەوەی زانایمان، ئەوا: (سەرچاوە گەلێك)یش پێکدەهێنن. بێگومان ڕەخنەیەکم لەوە نییە کە ئەزموونیش دەتوانێ، تەنانەت تاڕادەیەکی زۆر جێگای ستایشیشن، زانایی ئێمە، بەرز بکاتەوە، بەلاّم بەهیچ شێوەیەك بە دوایین سەرچاوە ناژمێردرێ" دەبێ هەمیشە ئەنجامە ئەزموونیەکان تاقی بکرێنەوە: وەك باوە ئێمە لێپرسینەوە لە شاهیدی عەینی ئەزمونگەلێکی، وەك مەسەلەی هەواڵی گۆڤاری تایمز، ناکەین، بە پێچەوانەوە، ئەگەر ئەنجامی ئەزمونێکمان بردە ژێر پرسیار، دەکرێ ئەو ئەزموونە دووپات بکەینەوە، یاخود داوا لە کەسێکی دیکە بکەین ئەم کارە بکات.

سەرەکیترین هەڵەی تیۆری دوایین سەرچاوەی ئەبستمۆلۆژی ئەوەیە کە بەرۆشنی جیاوازی لە نێوان ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە بنەماو سەرچاوەوە هەیەو ئەو مەسەلانەی پیوەندییان بە ئیعتیباری کێشەکانەوە هەیە،

دانانێ. ڕەنگە لە مێژوونووسیدا هەردووکی ئەم مەسەلانە ئاوێتە بکرێن. هەندێك جار دۆزینەوەی بنچینەی بڕێك لەسەرچاوەکان، ئامرازی سەرەکی یان تەنیا ئامراز بۆ هەڵسەنگاندنی ئیعتباری بابەتێکی مێژووییە بەلاّم ئەم دوو مەسەلەیە وەك یەك نین و ئێمە بەدیاری کردنی سەرچاوەکان یان بنەماو سەرچاوەی پڕوپاگەندەیەك یان هەواڵێك ئیعتیباری نادەینێ، بەڵکو بەشێوەیەکی دروستتر واتە بە تاقیکردنەوەیەکی ڕەخنە ئامێز ناوەڕۆکی پڕوپاگەندە یان– ڕاستیە بابەتەکان– هەڵدەسەنگێنن.

بەم پێیە پرسیارە ئەزمونگەراییەکانی((لەکوێ ئەزانی؟ سەرچاوەی هەواڵەکەی تۆ چییە؟)) پرسیارگەلێکی ناراستن، مەسەلەکە ئەوە نییە بێ ووردبوونەوە یان خەمساردانە داڕێژراون، بەڵکو بنەماکەی جێگای پەسەند نیە، چونکە لە ڕاستیدا وەلاّمگەلێکی دەسەلاّتخوازانەی گەرەکە.

www.pertwk.com

(15)

دەكرێ پێكهاتە ئەبستمۆلۆژیە كلاسیكیەكان بە بەرهەمی ئەو وەڵامە ئەرێو نەرێیانە بزانرێ كە لەپەیوەند بە پرسیارەكانی سەرچاوەكانی ناسین دراونەتەوە، كە ئەوان پەسەندی دەكەن. ئەم پێكهاتانە هەرگیز رەخنە لە خودی ئەم پرسیارانە ناگرن و لە رەوایی ئەوان ناكۆڵنەوە: ئەو پرسیارانە زۆر بە ئاسایی دەزانن و هیچ هەڵەیەك ناخەنە ئەستۆی ئەوان.

لەبەر ئەوەی ئەم پرسیارانە بە ئاشكرا بنەمای دەسەڵاتخوازانەیان هەیە، جێی خۆیەتی لەم لایەنەوە بەووردی سەرنجیان بدرێتێ. ئەم پرسیارانە لەگەڵ مەسەلەی(كێ دەبێ دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت؟) كە لە تیۆرە سیاسیەكاندا باسی لێوەدەكرێ، وەك یەكن. ئەو پرسیارەی دوایی، چەندین وەڵامی دەسەڵاتخوازانەی وەك (باشترینەكان) (ژیرەكان)، (خەڵك)، یان (زۆرینە) دەخوازێ}ئەو كات هەر ئەم پرسیارانە، چەندین وتەی

گەمژانەی وەك ((دەبێ دەسەڵات لە دەستی كێدابێ: سەرمایەدارەكان یان كرێكارەكان؟)) دێنێتە ئاراوە كە لەم بوارەدا لەگەڵ پرسیاری ((دوایین سەرچاوەی ناسین كامەیە؟ شعوور یان هەستەكان؟)) وەك یەكن{. ئەم پرسیارە كۆنە سیاسیە بەراست و دروست دانەرێژراوەو چەندین وەڵام هەڵدەگرێ كەدژ بەیەكن. (هەر بەو شێوەی كە لە بەشی حەوتەمی كتێبی كۆمەڵگای كراوەدا هەوڵمداوە پیشانی بدەم.) دەبێ لە جیاتی ئەوە پرسیارێكی تەواو جیاواز دابنێین: (دەبێ دامەزراوە سیاسیەكان چۆن، رێكخرێن تا ئەوەندەی دەكرێ كارە زیانبەخشەكانی رێبەرە خراپ یان نەشیاوەكان، كەمبێتەوە، ئەو كارانەی كە دەبێ خۆیان لێ دوورخەینەوە، هەرچەند بتوانین لە بەرامبەریشیاندا خۆڕا گرین((تەحەمولیشیان بكەین)) بەبڕوای من تەنیا بەگۆڕینی مەسەلەكە بەم شێوازە دەكرێ هیواداربین كە بەرەو تیۆرەیەكی ئەقڵانی دەربارەی دامەزراوە سیاسیەكان دەچینە پێشێ.

www.pertwk.com

سەبارەت بە سەرچاوەکانی ناسینیش دەکرێ ئاڵۆ گۆڕێکی لەو چەشنە پێکبهێنرێ. لە راستیدا هەمیشە پرسیار بەم جۆرە بووە: ((باشترین سەرچاوەکانی ناسین کامانەن بڕواپێکراوترین سەرچاوەکان ئەو سەرچاوانەی تووشی هەڵەمان ناکەنو، ئەگەر تووشی شك و گومان بووین دەتوانین و دەبێ لە دووایین ساتدا دەستمان پێیان را بگات، کامانەن؟)) بەڵام بە پێچەوانەوە من لەو بڕوایەدام کە سەرچاوە گەلێکی ئاوا تەواو دڵخواز بوونی نیە- وەك چۆن حکوومەتە تەواو دڵخوازەکانیش بوونیان نیە- و پێدەچێ هەندێك جار سەر لەبەری سەرچاوەکان تووشی هەڵەمان بکەن. دەرئەنجام لەو بڕوایەدام کە دەبێ لە جیاتی مەسەلەی سەرچاوەکانی ناسین، مەسەلەیەکی تەواو جیاواز دابنرێ. بەم جۆرە: (چۆن دەتوانین هەڵە بدۆزینەوە،و(چارەسەری کەین)؟.

پرسیار سەبارەت بە سەرچاوەکانی ناسیین، وەکوو زۆربەی پرسیارەکانی دیکە کە ئیلهامگرتوون لە دەسەڵاتخوازی، لەراستیدا لە وتەزاکانی

ڕەچەڵەکناسییە،گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی زانایی بەپاڵپشتی ئەو باوەڕەوەیە کە ڕەوایی ناسین پەیوەندی بە ڕەگ و ڕیشەکەیەوە هەیە،پەیوەندی بە زانایی ئەرستۆکراتێکی حەڵاڵ زادەوە هەیە،پەیوەندی بە ناسینێکی بێخەوشەوە هەیە کە لە مەزنترین سەرچاوەی دەسەڵاتەوە ،تەنانەت گەر بگونجێ لە خواوە سەرچاوە بگرێ.: ئەمانەن روخسارە سەروو سروشتیەکان (و زۆرتر لاشعووری) کە بنەمای پرسیارەکە پێکدەهێنێ. پێشنیاری ئێمە لەسەر ئەوەی کە: ((چۆن دەکرێ هیوامان بە دۆزینەوەی هەڵە هەبێت؟)) لەو ئەندێشەیەوە هاتووە کە هیچ سەرچاوەیەکی یەکلاکەرەوەو پاكو بێگەرد بوونی نیەو، نابێ ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە بنەماو سەرچاوە یان پاکی زاتی یەوە هەیە لەگەڵ ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە بەهاو ئیعتیبارەوە هەیە لێتێکبچێ. ئەم تیۆرە زۆر کۆنەو مێژووکەی دەگەڕێتەوە بۆ لای گەزەنفۆن. گەزەنفۆن دەیزانی کە زانین (ناسین)، گومانێکە، بڕوایە - بڕوادار بوونە نەك زانین - و ئەم شیعرانەی ئەو دەربڕی ئەم ڕوانینە.

www.pertwk.com

خواكان یەكجێ هەمووشتێكیان بۆ ئاشكرا نەكردووین،
ئێمە دەتوانین، بە گەڕان و پشكنین، بەرە بەرە فێربین
و زانیاریەكی باشترمان لەسەر هەمووشتەكان هەبێ
بەڵام كەس حەقیقەتی رەهای نەزانیوە
و هەرگیز نایزانێ، نەحەقیقەتی خواكان،
تەنانەت حەقیقەتی ئەوشتانەش كەمن قسەیان لێوەدەكەم
و ئەگەر بەرێكەوت كەسێك باسی دووایین حەقیقەت كات، خۆی
پەی پێ نابات

چونكە ئەو هەمووە جیا لەفۆڕمێكی تێكەڵاوی گریمانەكان شتێكی دیكە نیە. كەواتە، ئەمڕۆ سەرلەنوێ پرسیارە دێرینەكەی سەرچاوەكانی ناسینێكی جێ بڕوا، هاتۆتەوە گۆڕێ و، ئەمە زۆر تر كاری(پۆزیتڤستەكان) یان ئەو بیرمەندانەی ترە كە بە گومانی خۆیان لە دژی دەسەڵات ڕاساون.

بەبڕوای من وەڵامی راستی ئەم پرسیارە (چۆن دەتوانین هیوامان بە دۆزینەوەو چارەسەری هەڵەكان هەبێ؟) ئەمەیە: (بەدانە بەر ڕەخنەی تیۆریەكان یان گریمانەكانی خەڵكی

ترو- ئەگەر ئێمە خۆشمان هەمانبێ- بەدانە بەر ڕەخنەی تیۆرەكان یان گریمانەكانی خۆمان) (كاری دووهەمیان زۆر باشە بەڵام وانیە توانای دەربازبوون لێینەبێ چونكە ئەگەر ئێمە نەتوانین رەخنە لە ڕوانینەكانی خۆمان بگرین كەسانێكی تر هەن كە لە جیاتی ئێمە ئەم كارە بكەن.) ئەم وەڵامە دەربڕی پوختەی ئەو ڕوانگەیەیە كە من پێشنیار دەكەم ناوی (ئەقڵگەرایی ڕەخنەئامێزی) لێبنێین. ئەوە تێگەیشتنێكە، ڕەوشتێكەو، نەریتێكە كە ئێمە لە یۆنانیەكانەوە بەمیرات بۆمانماوەتەوە، ئەم روانگەیە لەگەڵ(ئەقڵگەرایی) یان (ئەقڵانیەتی)ی دیكارت و قوتابخانەكەیو، تەنانەت لەگەڵ تیۆری مەعریفی كانتیشدا جیاوازی زۆرە. هەڵبەت كانت لەبواری ئاكاردا، لە ئەبستمۆلۆژی ئەخلاقدا، بەهۆی بنەمای خودموختاری یان خۆ بڕیاردانی مرۆڤ لێی نیزك بۆتەوەو لەوە تێگەیشتووە كە نابێ لە سەر بنەمای گوێڕایەڵی بۆ فرمانەكانی سەرچاوەیەكی دەسەڵات، هەر چەند یك ئەو سەرچاوەیە مەزنیش بێت، ئەخلاق، دروست كرێ. كەواتە هەركات لەهەر

www.pertwk.com

بارودۆخێکدا، سەرچاوەی دەسەڵات فرمانێکی بە ئێمەدا لە سەرمانە بە شێوازی رەخنەییانەی خۆمان، لە ئەخلاقی بوونی ئەو فرمانە بکۆڵینەوە، رەنگە سەرچاوەی دەسەڵات توانای ئەوەی هەبێ فرمانەکانی خۆی بەڕێوەبەرێ، رەنگیشە ئێمە نەتوانین بەرەو رووی بوەستینەوە بەڵام ئەگەر بە کردەوە توانای هەڵبژاردنمان هەبێ دوایین بەرپرسیاریەتی هەر هەڵبژاردنێك کە ئەنجامیدەدەین لە ئەستۆی خۆمانە. ئەرکی سەرشانمانە بە شێوەیەکی رەخنەئامێز بڕیاربدەین کە ئایا دەبێ پێڕەوی لە فرمانێك بکەین، ئایا دەبێ گوێڕایەڵی سەرچاوەیەکی دەسەڵات بین؟

کانت زۆر بوێرانە ئەم ئەندێشەیە دەکێشێتە چوارچێوەی ئاییینیشەوە و دەڵێ: [...]هەر کەسێك، بە هەر شێوەیەك، بوونەوەرێك وەك خوا بناسێنێ و دیاری بکاتو، بەهەر شێوەیەك ئەو بوونەوەرەی بۆ دەر کەوتبێ [...]دەبێ خۆی بڕیار بدات کە ئایا مافی سەرلەنوێ ناسینەوە

(لێتێگەیشتنەوە)ی (ئەو دەرکەوتنە)و ستایش کردنی ئەو شتەی وەك خوا هەیە؟[1])).

سەیرە، کانت بە بوونی ڕوانگەیەکی بوێرانەی لەو چەشنە، لە فەلسەفەی تێگەیشتنی زانستیانەی خۆیدا ئەم شێوازە واتە شێوازی ئەقڵگەرایی رەخنەی ئامێزیو دۆزینەوەی هەڵە لەرێگای رەخنەوەی نەگرتۆتەبەر. من لەوە دڵنیام کە تەنیا وەرگرتنی ئیعتباری گەردووناسی نیوتن[2] ئەو ئیعتباری لەو سەرکەوتنە تاڕادەیەك بڕوانەکراوەی ئەو گریمانەیە لە تەحەموولکردنی ووردترین تاقیکردنەوەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو- نەیهێشتووە کە کانت لەوێش شێوەیەکی لەو چەشنە هەڵبژێرێ. ئەگەر ئەم خوێندنەوە یە بۆ فەلسەفەی کانت دروست بێت ئەقڵگەرایی رەخنەگرانە(تەنانەت ئەزموونگەرایی ڕەخنەگرانەش) کە من

---

1. E. Kant وle Religion dans les Limites de la simple raison ,quatrieme partie, deuxieme section, e l. note 1 (ajoutee la seconde edition de 1974).

2 Isaac newton (1642 – 1727) فیزیازان و ماتماتیکزانی ئینگلیزی، وەرگێڕی فارسی.

www.pertwk.com

لایەنگریم، جیا لە کاملّکردنی تیۆریە رەخنەییەکەی کانت شتێکی دیکە نابێ. ئەنشتاین[3] ئەم کارەی مسۆگەر کردو سەلماندی کە گریمانەی نیوتن سەرەڕای سەرکەوتنە مەزنەکەی، زۆر وێدەچێ هەڵەبێ.

سەر ئەنجام من بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی(ئەمە لە کوێ دەزانی؟ سەرچاوە یان بنەمای ئیدعاکەی ئێوە چیە؟ چ روانین(بینین)گەلێك ئێوەی گەیاندۆتە ئێرە؟ دەدەمەوە:((نازانم. ئەم ئیدیعایە تەنیا گریمانێکی سادەو رووت نیە. ئەو سەرچاوە یان سەرچاوانەی کە ئەویان پێکهێناوە، چەندین سەرچاوەی گوماناویو زۆروزەوەندن و تەواو پێدەچی کە تەنانەت من نیوەشیانم بەبیردا نەهاتبێ. بە پێچەوانەوە ئەگەر ئێوە حەزتان بەو مەسەلەیەیە کە من هەوڵمداوە ڕێگا چارەیەکی بۆ بدۆزمەوە ئەوا دەتوانن بە رەخنەگرتنێك توندتریش بێت لە کارەکەی من، درێژە بە

[3] Albert einstein (1879 – 1955) فیزیازانی ئەڵمانی بەڕەچەڵە ئەمریکی، وەرگێڕی فارسی.

کارەکە بدەن. ئەگەر توانیتان بگەن بە تاقیکردنەوەیەکی رەخنەگرانە کە بە بڕوای ئێوە، بتوانێ روانگەکەی من رەتبکاتەوە، ئەوا بەو پەڕی حەزوو بەهەموو توانامەوە بەشداری ئەو کارە دەکەم کە بۆ رەتکردنەوەی روانگەکەم ئەنجام دەدرێ)).

بەهیچ شێوەیەك ئەم وەڵامە[4] جیا لە ڕوانگە زانستیەکان ناتوانرێ بەواتای دژ بە ڕوانگەی مێژوویی بەکاربهێنرێ ئەگەر گریمانەی من لە جۆری مێژووی بوایە، سەرچاوەکان دیارە نەك بەواتای دوایین سەرچاوە) ئاشکرایە کە لە تاقیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی ئیعتباری ئەودا رۆڵێکی دەبوو. بەڵام هەر وەك پێشتر ووتم بنەمای وەڵامەکەی من هەر ئەمەیە.

[4] ئەم وەڵامەو تاڕادەیەك تەواوی بەشی 15 بە چەند دەستکارییەکی کەمەوە لە ووتارێکەوە وەرگیراوە کە بەرلە ئێستا لە گۆڤاری: Indian I,n,195: Journal of philosophy: چاپکراوە.

(16)

ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئەنجامگیریەکانی ئەبستمۆلۆژیی توێژینەوەیی‌و لێکۆڵینەوەیی خۆمان ڕێزبەندی بکەین. من ئەم ئەنجامگیریانە بەشێوەی زنجیرەیەك لەسەر بنەمای(تێز) نیشان دەدەم:

1–دوایین سەرچاوەی ناسین بوونی نیە. نابێ هیچ سەرچاوەیەك، هیچ هێمایەك پشتگوێ خەین و، دەبێ تەواوی ئەوانە تاقیکرێنەوە. تەنیا لە بواری مێژووییدا نەبێ، ئێمە بە گشتی ڕاستیەکان تاقی دەکەینەوە نەك سەرچاوە هەواڵگرییەکانی ئەو ڕاستیە.

2–نابێ پرسیاری دروستی ئەبستمۆلۆژی لەمەڕ سەرچاوەکان بێت، بە پێچەوانەوە دەبێ بپرسین ئەوەی کە بانگەشەی بۆ دەکرێ ڕاستە، ئایا لەگەڵ ڕاستیەکاندا دێتەوە(کارەکانی تارسکی[1] ئەوەیان دەرخست کە دەکرێ بیرلە حەقیقەتی بابەتی واتە بوونی پەیوەندی لەگەڵ

[1] Alfred Tarski (1902 – 1983) لۆژیکناسی ئەمریکایی بەرەچەڵەك پۆڵۆنی، وەرگێڕی فارسی.

ڕاسیتیەکاندا بکەینەوەو تووشی لێکدژی ووتن نەبین). ئەو کات تێدەکۆشین هەتا بە باشترین شێوە کە دەتوانین، بەهەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆ، یان لە ڕێگای هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی ئەنجامگیریەکانەوە، ئەوەی کە بانگەشەی بۆ دەکرێ، چارەسەر بکەین.

3–زۆر کار هەن کە دەکرێ شیاوی ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە بن. یەکێك لە پرۆسە تایبەتیەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بزانین ڕوانگەکانمان لەگەڵ بینینەکانمان دێنەوە. بەڵام هەروەها دەکرێ، بۆ وێنە، هاوئاهەنگی دەروونی‌و کۆکی سەرچاوە جۆراو جۆرە مێژووییەکانیش تاقیبکرێنەوە.

4–ئەگەر ناسینی فیتری(زگماکی) بخەینە لاوە روون‌و ئاشکرایە کەنەریت(سونەت)، چ لەڕوی چەندایەتی‌و چ لەڕوی چۆنایەتیەوە گرنگترین سەرچاوەی زانایی ئێمەیە. ئێمە، زۆربەی ئەو شتانەی دەیزانین، لە ڕێگای پەیوەندیەکان، خوێندنەوەی کتێبەکان و، هەروەها

www.pertwk.com

بەفێربوونی ڕەخنەگرتن، بە تەحەموول و قبوولکردنی ڕەخنەو ، بەڕێزدانان بۆ حەقیقەت، فێری بووین.

5-لەبەر ئەوەی نەریت(سونەت) بنەمای زۆربەی سەرچاوەکانی ناسینی(تێگەیشتن) ئێمەیە کەواتە دەبێ دژە نەریتخوازی وەك ڕوانگەیەکی بێبەرهەم(ناکارا) بەڕەتکراوە بزانین، بەڵام ناتوانین ئەمە بە بەڵگەی پشتیوانیکردن لە نەریتخوازی بزانین. هەر بەشێك لە زانایی سەرچاوەگرتوو لە نەریت(تەنانەت ناسینە فیترییەکانیشماندا) پێویستی بە تاقیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی هەیەو پێشدەچێ کە ڕاست نەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا، مەحاڵە بەبێ نەریت، ناسین مسۆگەر بێت.

6-ناکرێ لە هیچەوە - لە لاپەڕەی سپییەوە[2]-ناسین دەست پێ بکرێ، یان هەر تەنیا بە پشکنین قەناعەت بکەین. پێشکەوتنەکانی زانایی لە بنەڕەتەوە گۆڕانی شکڵی زانایییەکانی پێشووە. ئەگەر چی هەندێك جار ئەم

[2]. Tabula rasa

پێشکەوتنانە، بۆ وێنە لە شوێنەوارناسیدا، بەرهەمی بینینێکی بەرێکەوتە بەڵام لەڕوی چۆنایەتییەوە بایەخی هەر دۆزینەوەیەك لەو توانایەدایە کە بۆ چاکسازی ڕوانگەکانی پێشووی ئێمە هەیەتی.

7-لە تیۆری ناسیندا(ئەبستمۆلۆژیا) ڕوانگە گەشبین و ڕەشبینەکان وەك یەك هەڵەن. چیرۆکی ئەشکەوتەکەی ئەفلاتوون ڕاستە، نەك ڕوانگەی گەشبینانەی وەبیر هێنانەوە(هەرچەند دەبێ ئەوەمان قبوڵ بێت کە هەر مرۆڤێك، وەك تەواوی ئاژەڵەکان و تەنانەت گژوگیاکانیش، زانایییەکی فیترییان هەیە)، گەرچی دنیای شتە دیارەکان لە سێبەری سەر دیواری ئەشکەوتەکان دروستبووە، بەڵام بەردەوام هەموومان دەمانەوێ لەوان واوەتر بڕۆین. تەنانەت، وەك دیمۆکرێت[3] دەڵێ: ئەگەر حەقیقەت لە قووڵایی ئەشکەوتێکدا حەشار درابێ ئێمە دەتوانین ئەو ئەشکەوتەش بگەڕێین و بیپشکنین. ئێمە بۆ حەقیقەت پێوانەیەکمان نیە،

[3] DK B 117.(یاداشتی وەرگێڕی فەرەنسی)

www.pertwk.com

ئەمەش تووشی ڕەشبینیمان دەکات، بەڵام پێوانەی زۆرو زەوەندمان هەیە کە، ئەگەر بەخت یاوەرمان بێت، دەتوانن ئەو بوارەمان بدەنێ کە سەرلەنوێ هەڵەو ناڕاستی بناسینەوە. پێوانەکانی حەقیقەت، ڕۆشن و ئاشکرایی نین، بەڵام پێدەچی تایبەتمەندیگەلێکی وەك نارۆشنیو لێڵی، هێمای هەڵەبن. هەروەها هاوئاهەنگی ناتوانێ حەقیقەت بسەلمێنێ بەڵام ناهاوئاهەنگیەکان زۆر بەباشی سازگارنەبوونی ناڕاستی دەسەلمێنن. هەڵەکانمان، ئەو کاتەی کە پێمان زانین، دەبنە ئەو ڕووناکیە کزانەی کە یارمەتیمان دەدەن هەتا بەرە بەرە خۆ لە تاریکایی ئەشکەوتەکە ڕزگار کەین.

8-نە بینین خاوەن ئیعتبارێکی ڕەهایەو نەبەڵگە هێنانەوە. پشکنین و خەیاڵ هەردووکیان ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە ئەستۆیە، بەڵام ناکرێ تەنیا قەناعەت بەوانە بکەین: ئەمانە دەتوانن زۆر ڕوون و ئاشکرا چەندین شتمان بۆ دەرخەن بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەتوانن تووشی هەڵەشمان بکەن، ناتوانین لەبەر چاویان نەگرین چونکە

سەرچاوەی سەرەکی گریمانەکانی ئێمەن بەڵام هەر چۆنێك بێت زۆربەیان ناڕاستن. ئامانجی سەرەکی بینین و بەڵگەداریو، تەنانەت خەیاڵ و پشکنینیش، بەشدارییە لە دانە بەر ڕەخنەی ئەو گریمانە ڕێکەوتیانەی کە بەیارمەتیی ئەوان لەنەزانراوەکان دەکۆڵینەوە.

9-ئەگەر ڕۆشنی لە خۆوە بایەخدارە، ئەوا وورد بوونەوەو تێ ڕامان حوکمێکی دیکەی هەیە: پێویست ناکات زۆرتر لەوەی کەمەسەلەیەك پێویست دەکات وە دوای ڕۆشنی بکەوین. لە زمان(گوفتار)دا ڕۆشنی، لە خەیاڵێك زیاتر نیە. ئەو مەسەلانەی کە سەروکاریان لەگەڵ واتایان پێناسە کردنی وشەکاندا هەیە، کەم بایەخن. بەم جۆرە خشتەی ئەندێشەکان(کە لەلاپەڕەی 59 هاتووە) هەرچەند ئاوێتەکردنێکی پەیوەندیداریان هەیە، لە یەکێك لە ستوونەکاندا توخمگەلێك پیشاندەدات کە بایەخیان هەیە، لە ستوونی دوو هەمدا ئەو توخمانە پیشاندەدا کە بێ بایەخن: ستوونی لای چەپ(ستوونی ووشەکانو مانای وشەکان) بێ کەڵکە، ستوونی لای ڕاست(کە تیایدا ڕوانگەکان و مەسەلە

www.pertwk.com

پەیوەندیدارەکان بە حەقیقەتەوە، دەبیندرێن) بایەخێکی لە ڕادەبەری هەیە. وشەکانی تەنیا وەك ئامرازێك بۆ شێوە پێدانی تیۆرەکان جێگای سەرنجن و دەبێ بەهەر نرخێك بێت خۆمان لەو پرسیارانە بدزینەوە کە جگە لە شەڕی وشەکان(واتە جگە لە دەمەقاڵە) شتێکی دیکە نین.

10–ڕێگا چارەی هەر مەسەلەیەك، خۆی دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندین مەسەلەی نوێ، کە دەبێ ئەوانیش چارەسەربکرێن. بایەخی مەسەلەیەك پیوەندی بە یەکەم کێشەو بوێرانەبوونی ڕێگا چارە پێشنیارکراوەکەوە نیە. هەرچی زیاتر سەبارەت بە جیهان شت فێربین ، هەرچی ئەم فێربوونانەش قوڵتر بن هۆشیاری ئێمە لەو شتانەی کە نایزانین، تێگەیشتن لە نەزانی ئێمە زیاتر دەبێ و وردبوونەوەو ڕۆشنیەکی زۆرتر بەخۆوە دەگرێ. لە ڕاستیدا سەرچاوەی گەورەی نەزانی ئێمە لەوەوە یە کە بە دڵنیاییەوە تێگەیشتنی کۆتاییەکی هەیەو لە کاتێکدا کە بەپێی جەبر نەزانی ئێمە سنوری نیە

ئێمە کاتێك پەی بە پانتایی ڕووبەری نەزانی خۆمان دەبەین کە دەڕوانینە پانتایی لەبنەهاتووی ئاسمانەکان: ئەگەر ئەم ڕاستیە سادەیەی لایەنەکانی جیهان تاکە هۆکاری نەزانی مرۆڤ نەبێ لانی کەم یەکێك لە هۆکارەکانیەتی. ڕامسی لە بەشێکی[4] سەرنجڕاکێشی کتێبی بنەمای ماتماتیکدا دەنووسێ: (لە بوارێکدا من وەك برادەرەکانم بیرناکەمەوە ئەویش ئەوەی کە لایەنە فیزیاییەکانی هیچ شتێك کاریگەریەکی ئەو تۆیان لەسەر من نیە. بەربڵاوی ئاسمانەکان هیچ هەستێکی سووکێتیم تیا پێکناهێنن. بە دڵنیاییەوە ئەستێرەکان گەورەن بەڵام نەدەتوانن بیر بکەنەوەو نەدەشتوانن سۆزبگۆڕنەوە، لە کاتێکدا ئەم تایبەتمەندیانە لەڕەهایی لایەنەکان زۆرتر کارم تێدەکەن. من

[4] F. P. Ramsey (1852 – 1916)، کیمیازانی ئینگلیزی، وەرگێڕی فارسی.

www.pertwk.com

هیچ شانازییەك بە كێشی 105 كیلۆی خۆمەوە ناكەم[5]))· من پێم وایە دۆستەكانی ڕامسیش سەرنجی گاڵتەجاڕ بوونی لایەنە فیزیاییەكانیان داوە· لەگەڵ ئەو بیركردنەوەشدام كە ئەگەر ئەوان لە ئاست بێ كۆتایی بوونی ئاسمانەكاندا هەستیان بە سووكایەتی كردووە لەبەر ئەوە بووە كە ئەویان بە دەربڕی نەزانی خۆیان زانیوە·

من لەو بڕوایەدام كە تەنانەت ئەگەر ئێمە لەو ڕێگایەوە بێجگە لە پانتایی بچكۆلەی زانایی خۆمان، شتێك فێر نەبین ڕەوایە كە بۆ گەیشتن بە ناسینی جیهان تێبكۆشین· ئەم نەزانییە بیرمەندانەییە دەتوانێ گەلێك كێشەمان لەكۆڵ كاتەوە· جێی خۆیەتی ئەوەمان لە بیر بێت كە ئەگەر چەندین زانایی (زانیاری) بچكۆڵەی جۆراو جۆر ئێمە زۆر لە یەكتر جیاوازدەكا بەڵام هەمووومان لە نەزانی بێ كۆتایی خۆماندا یەكسانین·

5. F. P. Ramsey, The Foundations of mathematics and other Logical Essays, Iondres ,Kegan Paul ,1931 ,P. 291.

(17)

خاڵێكی دیكە هەیە كە حەزدەكەم تاووتوێی بكەم·

كاتێك بە ناچاری تیۆرێكی فەلسەفی، بەهۆی ناڕاستبوونیەوە، وەلاوە دەنێین، هەندێك جار وا ڕێدەكەوێ كە، ئەگەر وەك پێویست ووردبیینەوە ئەندێشەیەكی ڕاستی تێدا دەبینینەوە، كەشایانی پاراستنە· ئایا دەكرێ لە روانگە سەلمێنەرەكانی بوونی دوایین سەرچاوەی ناسینیشدا بەتێگەیشتنێكی لەو چەشنە بگەین·

وا دیارە بەو شێوەیەیە· ئەوەش بڵێم كە ئەو تێگەیشتنە، یەكێك لەو دوو تێگەیشتنە سەرەكییەیە كە لەگەڵ قبوڵكرنی تایبەتمەندی سەروسروشتی بوونی سەرچاوەكانی ناسین یەك دەگرێتەوە، بەبڕوای من یەكەمین تێگەیشتن (لەم تێگەیشتنە) ناراستەو دووەم تێگەیشتن ڕاستە·

ئەم بۆچوونە هەڵەیەكە دەبێ ئێمە تێگەیشتوویی یان ڕوانگەكانی خۆمان بە چەندین بەڵگەی ئیجابی(باش)، واتە ئەو بەڵگانەی كە بتوانن سەلمێنەری ڕوانگەكان بن یان لانی

www.pertwk.com

کەم، ئەگەری راستبوونی ئەوان بەرزکەنەوەو، هەرچۆنێك بێ بەچەندین بەڵگەی باشتر لەو بەڵگەیەی کە تا ئێستا تیۆرەکان توانای تەحەمولی رەخنەکانیان نەبووە، پاساوبدەین. بەبڕوای من ئەم ئەندێشەیە دەبێتەهۆی دەستبردن بۆ دووایین سەرچاوە، بۆ ناسینی حەقیقەت یان دەست بە دامێنی سەرچاوەیەك دەبێ کە وەك ئیدیعادەکرێ لەم بوارەدا جێی بڕوایە ، تەنانەت بە بێ ئەوەی پێناسەیەك بۆ ناوەرۆکی ئەو سەرچاوەیە – کە ڕەنگە مرۆیی بێ، وەك بینین یان ئەقڵ، یان سەرو مرۆیی (سەروسروشتی)یە کرابێ.

ئەندێشەی دووهەم– کە ڕاسڵ گرنگی یەکلاکەرەوەی ئەوی پیشانداوە– ئەوەیە کە هیچ دەسەڵاتێکی مرۆیی ناتوانێ بە فرمان (بڕیار)، حەقیقەتێك دروست بکات. ئێمە دەبێ لایەنگری حەقیقەت بین، لەبەر ئەوەی مەزنی بە دەسەڵاتی مرۆڤ دەبەخشێ.ئەم دوو بۆچوونە پێکەوە ئێمە هان ئەدەن، بۆ ئەم ئەندێشەیەی– ئەنجام کت و پڕە– کە بەناچاری سەرچاوەکانی ناسینی ئێمە سەرو مرۆیین، بەڵام

ئەم روانگەیە شیاوی فێڵبازی و ئەنگیزەیەکە بۆ کەڵك وەرگرتنی زوڵم و زۆر بە دژی ئەو کەسانەی کە جەختکارانە روو لە ناسینی خوایی حەقیقەت وەردەگێڕن.

بەداخەوە تاقمێك کە بە راستی دژی ئەنجامگیریگەلێکی لەو چەشنەن، فکری یەکەم بڕوا بوون بەوەی کە بە دوایین سەرچاوە بۆ ناسین هەیە بەناراست نازانن، بەپێچەوانەوە ئەندێشەی دووهەم واتە ئەو ئەندێشەیەی کە حەقیقەت، دەسەڵاتی مرۆڤ بەرزدەکاتەوە، ڕەتدەکەنەوە بەمجۆرە ئەندێشەی تایبەتمەندی عەینی (بەرچاوی) ناسین و بوونی چەندین پێوانەی هاوبەش و گشتی رەخنەیی و عەقڵانی بەناراست دەژمێرن.

بەبڕوای من رەوایە واز لە ئەندێشەی دوایین سەرچاوەی تێگەیشتن بێنین و ئەوە قبوڵکەین کە تێگەیشتن سەر لەبەری شتێکی مرۆییەو لەگەڵ هەڵەکانمان، حوکمدانە پێشوەختەکانمان، خەون و ئاواتەکانمان، ئاوێتەو تەنیا ئەوەمان لە دەست دێت کە تاگەیشتن بە حەقیقەت، لە

www.pertwk.com

تێكۆشان نەوەستین، دەكرێ ئەوە قبوڵ بكەین كە زۆرجار ئەم هەوڵانە لە ئیلهامیش بەهرەمەندن بەڵام دەبێ ڕەشبین بین بەو بڕوایەی ـ بەهەر ڕادەیەك ڕاستەقینەش ـ كە بە بایەخی خوایی یان ناخوایی ئیلهام هەیە. ئەگەر بەم جۆرە تێگەیشتین كە لەسەرانسەری پانتایی ناسین، تا دوورترین شوێن كە ناسین دەتوانێ لە نەزانراوەكاندا بچێتە پێش هیچ دەسەڵاتێك نیە كە ڕەخنە هەڵنەگرێ، ئەو كات دەتوانین، بەدوور لە مەترسی، ئەم بیرۆكەیە وەربگرین كە حەقیقەت، مەزنی دەبەخشێ بە دەسەڵاتی مرۆڤ و ئەمەش پێویستیەكە چونكە، ئەگەر بەم شێوەیە بیرنەكەینەوە نە یاساو ڕێكخەرە بابەتیەكانی لێكۆڵینەوە، نەرەخنەگرتن لە گریمانەكان، نەهەوڵدان بۆ دۆزینەوەی نەزانراوەكان، نە گەڕان بە دوای زاناییدا هیچ كامیان بوونیان نابێ.

www.pertwk.com

زنجیرەی بڵاوکراوەکان ن لە ساڵی 2004

ناوی کتێب	زمان		ت	ساڵی دەرچوون	وەرگێڕ
ڕۆشنبیرو دەسەڵات	عەرەبی	سعدالدین ابراهیم	ڕۆشنبیری	2004	هەڵکەوت عەبدوللا
شانۆ لە چەند وتارێکدا	عەرەبی	عەونی کەڕومی	شانۆیی	2004	پەروەر نەجمەدین
ستراتیژیی سەربازیی	فارسی	ریچارد کاگلەر	سیاسی	2004	دلێر میرزا
نامەیەك دەربارەی	فارسی	جۆن لۆك	فەلسەفی	2004	شۆڕش جوانڕۆیی-

لێکبوردن					فەرشید شەریفی
مەولاناخلیدو تەریقەتی نەقشبەندی	فارسی	سەید طاهر هاشمی	فیکری	2004	دلێر میرزا
سێ شانۆ نامە	عەرەبی	جان کۆکتۆ ئۆین ج. ئارنۆ میشێل دی. ئۆنامۆنۆ	شانۆی	2004	هەورامان قانع
را پۆرتی برۆدی	فارسی/ عەرەبی	خۆرخە لویس بۆرخس	چیرۆك	2004	یاسین عومەر
بیرەوەرییەکانی هەڵەبجە	کوردی	بەکر حەمە صدیق	مێژووی	2004	بەکرحمە صدیق/ کوردی دلێرمیراز/ فارسی م. حسن عبدالکریم ئینگلیزی/ فوئاد تاهیر
ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزم	فارسی	کۆمەڵێ نووسەر	نەتەوەیی	2004	ئارام جمال
ریفراندۆم باشترین شێوازی خەباتە	سویدیی ەوە	تۆم گولبێری	سیاسی	2004	ئیدریس ئیبراهیم
شانۆی پانتۆمایم	عەرەبی	بورهان قەرەداخی	شانۆی	2004	بورهان قەرەداخی
گوڵەزەر	عەرەبی	جەنگیز ئیمتاتۆف	ڕۆمان	2004	جەوهەر کرماج
پاژنەی ئاسنین	عەرەبی	جاك لەندەن	ڕۆمان	2004	کەمال غەمبار
خەناوکەیەك بۆ سەر میناز	فارسی	ئەحمەدخان ئەبوبەکر	رۆمان	2004	ئەبوبەکر خۆشناو
ئەندامێکی میت	تورکی	محەمەد ئەیمور	سیاسی	2004	ئارام عەلی عەزیز
کورتترین ڕێگەی سەرکەوتن	فارسی	رۆبێرت ئۆریلی	دروننناسی	2004	سالار عەبدلرەحمان
کۆماری مهاباد	کوردی	عەبدوڵلا ئەحمەد ڕەسول	مێژوویی	2004	سەلمان عەلی
چوار وتاری شیشرۆن	فارسی	رحمەت الله مقدم مراغەی	فەلسەفی	2004	شۆڕش جوانڕۆی- کامل ئەحمەد بەگ
گەلەلوورانی دەشتودەر	سویدی	جاك لەندەن	چیرۆك	2004	حەکیم کاکە وەیس

www.pertwk.com

جوغزە گەچینە	عەرەبی	برێخت	شانۆ	2004	عومەر عەلی ئەمین
نیوەکەی تری جیهان	عەرەبی	چەند نووسەرێکی بیانی	چیرۆك	2004	نوری سەعید قادر
مافەکانی ژن لەدەتپێکەوە	فارسی	نای بن سەعدون	رۆشنبیری	2004	کارزان محەمەد
بەناو ئیسلامەکان	عەرەبی	د.رەفعت ئەلسەعید	فیکری	2004	حەسەن عبدالکرم